# پێوەندیی مۆدێرنیتە بە ئاڕاستەکانی گەشەکردنی کۆمەڵناسییەوە

## " توێژینەوەیەکی تیۆرییە "

**ID No. 2810**

(PP 76 -92)

https://doi.org/10.21271/zjhs.24.5.6

**نادیە عومەر کاکەسوور**

بەشی کۆمەڵناسی - کۆلێژی ئاداب / زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر

nadiakakasur@yahoo.com

**وەگــــــرتن : 2020/05/02**

**پەسندکردن : 2020/09/27**

**بڵاوکردنەوە : 2020/12/10**

**پوختە**

مۆدێرنیتە چەمکێکی فراوان و گشتگیرە، بەڵام هاوکات چەمکێکی ئاڵۆزیشە، بە ڕادەیەک بەشێکی زۆر نووسەر و ڕاڤەکاری بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە. هەوڵی ئەوانە تەنیا لەپێناوی دەستنیشانکردنی مێژووی دەرکەوتنی مۆدێرنیتە نییە، بەڵکو بۆ دۆزینەوەی ژینگەی سەرهەڵدانی ئەو چەمکەیشە. واتە مەبەستیانە نەک هەر لە ڕووی مێژووییەوە، بەڵکو لە ڕووی جیۆگرافییشەوە سەرەتایەکی بۆ دیاری بکەن، بەو مەبەستەی ڕوونتر سیما و خەسڵەتەکانی دەربخەن. شتێکی سەیر نییە ئەگەر هەر کاتێ ڕاڤەکار خۆی لەو چەمکە بدات، ڕووبەڕووی کۆمەڵێک بۆچوونی جیاواز ببێتەوە. لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمیشەوە چەمکی پۆستمۆدێرنیتە لەپاڵ چەمکی مۆدێرنیتەدا دەردەکەوێت و زیاتر کاری ڕاڤەکاران سەخت دەکاتەوە، کە وای لێ هاتووە نەتوانرێت باس لە یەکەمیان بکرێت، ئەگەر بە هەمان ئەندازە بایەخ بە دووەمیشیان نەدرێت. بە دەرکەوتنی چەمکی پۆستمۆدێرنیتە بایەخی مۆدێرنیتە لە جاران گەورەتر دەبێت، چونکە لە لایەک پێوەندیی پتەویان بە یەکترەوە هەیە و لە لایەکی تر سنوورەکانیان بە ڕوونی دیار نین. هەردووکیشیان بە زەقی خۆیان ئاخنیوەتە ناو هەموو بوارەکانی فەلسەفە، سۆسیۆلۆجیا، سایکۆلۆجیا، ئەدەب، هونەر و زۆری ترەوە، کە زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بگوترێت هیچ چەمکێکی تر هێندەی ئەوانە نەبووەتە جێگەی مشتومڕی دنیای فکر بە سەرجەم بوارەکانیەوە. هێندەی شتەکە پێوەندیی بە کۆمەڵناسییەوە هەبێت، ئەوا مۆدێرنیتە بەردەوام جێگەی بایەخی کۆمەڵناسان بووە. پێوەندیی ئەوانە دووسەرەیە. واتە هەم کۆمەکی یەکتریان کردووە و هەم لە یەکتریان وەرگرتووە. بەگشتی دیاردەکان ڕوویەکی کۆمەڵایەتییان هەیە، کە کۆمەڵناس بایەخیان پێ دەدات و لە دیدێکی کۆمەڵناسییەوە لێیان دەکۆڵێتەوە، کە ئەمە وا دەکات کۆمەڵناسی بەشدارییەکی بەرچاوی لە دنیای مۆدێرنیتەدا هەبێت. ناکرێت لە ڕووی کۆمەڵناسییەوە باس لەو چەمکانە بکرێت، ئەگەر ئاماژە بەو بایەخە نەدرێت، کە لە بواری فەلسەفەدا پێیان دراوە، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا چوارچێوەیەکی فەلسەفی دانراوە، بەو مەبەستەی لەناو ئەو چوارچێوەیەدا ڕەهەندەکانی هەردوو چەمکەکە چ لە ڕووی فەلسەفی و چ لە ڕووی سۆسیۆلۆجییەوە پێشان بدرێن و لێیان بکۆڵرێتەوە. واتە مێتۆدی توێژینەوەکە شیکارییە و مەبەستیەتی لە ڕووی تیۆرییەوە لە چەمکی مۆدێرنیتە بکۆڵێتەوە. هاوکات دەیەوێت ئەو پێوەندییەیش بدۆزێتەوە، کە بە کۆمەڵناسییەوە هەیەتی، بگرە تیشک دەخاتە سەر فاکتەرەکانی گەشەکردنی کۆمەڵناسی و دەرکەوتنی ئاڕاستەکانی. دەکرێت بگوترێت بەوەدا کۆمەڵناسی بەشدارییەکی بەرچاوی لە پێکهێنانی دیدی فەلسەفیدا هەبووە، کە چۆن لە چەمکی مۆدێرنیتە و دواتریش لە چەمکی پۆستمۆدێرنیتە بڕوانێت، ئەوا ئەو تێگەیشتنە بە ڕوونی دەردەکەوێت، کاتێ لە ڕووی سۆسیۆلۆجییشەوە سەرنجیان لێ دەدرێت.

ئەم توێژینەوەیە چوار بەش لە خۆ دەگرێت. لە بەشی یەکەمدا ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە و چەمکی مۆدێرنیتە دیاری کراوە. بەشی دووەم بۆ سەرهەڵدان و گەشەکردنی مۆدێرنیتە و کۆمەڵناسی تەرخانە. لە بەشی سێیەمیشدا باس لە پێوەندیی نێوان مۆدێرنیتە و کۆمەڵناسی دەکرێت. بەشی چوارەم تایبەتە بە خستنەڕووی ئەنجامی توێژینەوەکە و پێشنیاز.

**وشە کلیلییەکان :** کۆمەڵناسی، مۆدێرنیتە، پۆستمۆدێرنیتە.

## 1. ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە و دیاریکردنی چەمکی مۆدێرنیتە

### 1.1ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە

**أ- کێشەی توێژینەوەکە**

ئەگەرچی چەمکی مۆدێرنیتە بەتایبەتی لەم سی چل ساڵەی دواییدا بایەخی گەورەی پێ دراوە و بەشێکی زۆر نووسەر و ڕاڤەکار خۆیان بە لێکدانەوەی خەریک کردووە، کە مانای وایە سەرچاوەکان لەو بارەیەوە هەم زۆر و هەم جۆراوجۆرن، بەڵام بە هۆی ئەو ئاڵۆزی و قورساییەی هەیەتی، تا ڕادەیەکی زۆر بە ناڕۆشنی ماوەتەوە، کە ئەو ناڕۆشنییە لە چەند لایەکەوە دەردەکەوێت. لە ڕووی مێژووییەوە هێشتا ئەوە تەواو ساغ نەکراوەتەوە، کە سەرەتای ئەو چەمکە لە کوێیە. هێندە هەیە هەوڵی زۆر لەو پێناوەدا دراون. هەر بەم شێوەیە بۆچوونەکان لەبارەی مانا و ڕەهەندەکانی مۆدێرنیتەیشەوە جیاوازن، بگرە هەندێجار دژی یەکن، بەتایبەتی کاتێ ئەو چەمکە بە چەمکی پۆستمۆدێرنیتەوە دەلکێت. ئاخۆ پۆستمۆدێرنیتە بەشێکە لە مۆدێرنیتە، یان جیاوازە؟ ئایا دووەمیان تەواوکەری یەکەمیانە، یان دابڕانە لێی؟ لەم توێژینەوەیەدا ئەو گرفتانە پێشان دراون و گفتوگۆیان لەبارەوە کراوە، بەتایبەتی لە چوارچێوەی سۆسیۆلۆجیدا.

**ب- گرنگیی توێژینەوەکە**

مۆدێرنیتە لەناو سەرجەم بوارەکانی ژیانی مرۆڤدا قورساییەکی گەورەی هەیە، بۆیە تێگەیشتن لەو چەمکە ڕێخۆشکەرە نەک هەر بۆ تێگەیشتن لە واقیعی دنیای ئەمڕۆ، بەڵکو دەروازەیەکە دەکرێت لێیەوە بۆ ناو زۆر چەمکی تریش بچین، کە بە شێوەیەک لە شێوەکان پێوەندییان بەو واقیعەوە هەیە. کاتێ لە ڕووی سۆسیۆلۆجییەوە لەو چەمکە دەکۆڵینەوە، ئەوا کاریگەرییەکەیمان لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیی تاکدا بۆ دەردەکەوێت وەک ئەوەی مۆدێرنیتە چ گۆڕانکارییەکی لە ژیانی مرۆڤدا هێناوەتە دی؟ لە سەردەمی مۆدێرنیتەدا نۆرم، دابونەریت، پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، پەروەردەی کۆمەڵایەتی (التنشئة الاجتماعية) و زۆری تر چۆنن و چ جیاوازییان لەگەڵ هیی سەردەمەکانی پێشوودا هەیە؟ ئەم توێژینەوەیە هەوڵی بۆ بەدواداچوونی ئەو پرسیارانە داوە و ویستوویەتی بە شێوازی خۆی وەڵامیان بداتەوە.

ج- ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە لە لایەک دەرخستنی پێوەندیی نێوان مۆدێرنیتە و کۆمەڵناسییە، کە هەر یەکەیان چ کاریگەرییەکی لەسەر ئەوەی تریان هەیە و چەندیش کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی یەکترەوە. لە لایەکی تر ئەم توێژینەوەیە مەبەستیەتی بەوەیش بگات کۆمەڵناسی چۆن مامەڵەی لەگەڵ واقیعی مۆدێرنیتەدا کردووە. ئایا لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دیاردە و ی دنیای مۆدێرنیتە دەریخستوون، ڕێگە و زمانی سەربەخۆی هەیە و توانیویەتی بە شێوازی تایبەتی خۆی لێیان بکۆڵێتەوە؟

ئایا کۆمەڵناسان چەند گرنگییان بەو چەمکە داوە و بەشداریی ئەوان چیی زیادەی خستووەتە سەر ئەو چەمکە؟ لەولایشەوە چەند سوودی لە بوارەکانی تر وەرگرتووە و توانیویەتی لە بوارەکەی خۆیدا ئەو ئەزموونانە بخاتە کار؟ ئایا بەپێی گۆڕانکارییەکان کۆمەڵناسی توانیویەتی زمان و مێتۆدی خۆی نوێ بکاتەوە، تاکو لە ئاستی ئەو گۆڕانکارییانەدا بێت؟ کۆمەڵناسی چۆن مامەڵەی لەگەڵ چەمکی پۆستمۆدێرنیتەدا کردووە، کە لە منداڵدانی مۆدێرنیتە دێتە کایەوە و بە ڕەخنە ڕووبەڕووی ئەو دایکەی دەبێتەوە؟ تا چەند ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیە لە سیمای کۆمەڵناسیدا ڕەنگی داوەتەوە؟ ئایا ئەو فرەدەنگی و فرەڕەنگییەی لە ئەنجامی ئەو ململانێیەی مۆدێرنیتە و پۆستمۆدێرنیتەوە هاتوونەتە کایەوە، چۆن لە کۆمەڵناسیدا مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە؟

### 2.1- چەمکی مۆدێرنیتە

زۆرێک لە مێژوونووس و ڕاڤەکاران پێیان وایە کاتێ باس لەو چەمکە دەکرێت و هەوڵی پێشکەشکردنی پێناسەیەکی دەدرێت، ئەوا هەر لە سەرەتاوە دەبێت جیاوازی لەنێوان دوو زاراوەدا بکرێت، کە زۆرجار تێکەڵی یەکتر دەکرێن. ئەوانیش: (Modernity) و (Modernite)ن.1 below (أفاية، ١٩٩٨، ل١٠٧). دەکرێت لە ڕووی مێژووییەوە خەسڵەتی (نوێ) (حديث: Moderne) لە نوێگەرایی (الحداثة: Modernity) کۆنتر بێت، بەوەی وشەی (نوێ) بۆ سەدەی پانزدەمی زایینی دەگەڕێتەوە و بۆ جیاکردنەوەی ڕابردووی

ڕۆمانیی بتپەرستی (Pagan) و ئێستای ڕۆمانیی مەسیحی بە کار هێنراوە، بەڵام مۆدێرنیتە لە سەدەی نۆزدەمی زایینی، لەگەڵ شاعیری فرانسی (چارلس بۆدلێر) (Charles Baudelaire) (1821_ 1867)دا دەرکەوت، لە کاتێکدا هەندێکی تر پێیان وایە (شاتو بریان) یەکەمجار وشەی (La Modernite)ی لە ساڵی (1849)دا بە کار بردووە و (بۆدلێر) دە ساڵ دواتر ئەو وشەیەی بە کار هێناوەتەوە، بەوەی بایەخی بە ئێستاتیکا داوە. (کایم، ل٢٥٢_ ٢٥٤)

هەروەها وشەی مۆدێرنیتە بەرانبەر (Modernus)ی لاتینییە.(لالاند، ٢٠٠١، ل٨٢٢). لەپاڵ ئەو چەمکانەدا چەمکی نوێکردنەوە (Modernization)یش لای ڕاڤەکاراندا کاری پێ دەکرێت، کە وەک (ماریۆن لیڤی) پێناسەی دەکات، گۆڕانکارییەکی گراجوەل (تدريجي)یە و دامودەستگەکانی کۆمەڵگە دەگرێتەوە، چ ماددی و چ مەعنەوی، کە بە شێوەیەک بە توانای چاکتر ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن، بە مەبەستی تێرکردنی پێویستییەکان و بەدیهێنانی ئامانج و خواستەکان. لە دیدی ئەودا کۆمەڵگەی نوێکراوە (المحدث) ئەوەیە کە ئەندامەکانی سەرچاوەی نوێی وزە بە کار دەهێنن. (الحسن، ١٩٩٩،ل١٥١). لەمەوە چەمکی نوێکردنەوە بایەخ بۆ بیرۆکەی پێشکەوتن دەگەڕێنێتەوە لە ڕێگەی هەردوو چەمکی گەشەپێدان و پێشخستندا. واتە وێناکردنەکان (تصورات)ەکانی ئێستای (تازەگەری) و (نوێکردنەوە) هێشتا هەڵگری نموونەی بیرۆکەی مێژووی پێشکەوتنن وەک لای (کۆندرسیە)ی فەیلەسوفی فرانسیدا دەیبینین. ئەو بیرۆکەیە لە بنەڕەتەوە پشت بە توانای چاککردنی سەرجەمی مرۆڤایەتی دەبەستێت، ئەویش لە ڕێگەی هوشیارکردنەوە، بەشارستانیکردن و فێرکردنەوە.(المسيري واخرون، ٢٠٠٣، ل٢١٤). هەندێک مێژوونووس بۆ دەرخستنی جیاوازی لەنێوان سەردەمە نوێیەکان و سەدەکانی ناوەڕاستدا، کە مۆدێرنیتەی تێدا لە دایک دەبێت، ئاماژە بە دۆزینەوەی کێشوەری ئەمەریکایش دەدەن لە ساڵی 1492دا. (مسرحي، ٢٠٠٧، ل٢٦). دەکرێت بگوترێت، مۆدێرنیتە لە سەرەتای قۆناغی ڕێنیسانس و قۆناغی ڕۆشنگەریدا دەرکەوتووە. (حمدي واخرون، ٢٠٠٩، ل ٧٢).

هەرچی (فەرهەنگی سۆسیۆلۆجیی ئۆکسفۆرد)ە، بەم شێوەیە پێناسەی دەکات: (چەمکێکە بۆ وەسفکردنی قۆناغێک لە مێژووی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە کار دەهێنرێت و مێژووەکەی بۆ نزیکەی سەدەی هەژدەم دەگەڕێتەوە، کە بە شۆڕشەکانی دیمۆکراتی و پیشەسازی دەناسرێتەوە (Marshal &Scott page 484).

1. **مۆدیرنیتە و کۆمەڵناسی**

2. **1سەرهەڵدانی مۆدێرنیتە و گەشەکردنی**

ئەگەرچی مۆدێرنیتە لەسەر دەستی فەیلەسوفانی وەک (بەیکۆن) و (لۆک)ی ئینگلیز، (دیکارت)ی فرانسی و (کانت)ی ئەڵمان گەشەی کردووە، بەڵام ڕاستییەکەی هەر لای (کانت) و (هیگڵ)دا بووەتە مەسەلەیەکی فەلسەفی، کە دیدگەیەکی نوێیە و تەعبیر لە پرسیارکردن و دەربڕینی ناڕەزایی دەکات. پرسیارکردن لەبارەی چی شیاوە و دەربڕینی ناڕەزایی لە ئاستی شتی باودا. ئیتر مۆدێرنیتە ڕێبازێکی فیکرییە و لە واقیعی کۆمەڵایەتی یاخی دەبێت. (حمدي واخرون، ٢٠٠٩، ل٧٣). (جان بۆدریار) باوەڕی وایە (مۆدێرنیتە نە چەمکێکی سۆسیۆلۆجییە و نە سیاسییشە، هەروەها چەمکێکی تەواو مێژووییش نییە، بەڵکو شێوازێکی تایبەتی شارستانییەتە و بەرەنگاری شێوازی تradیشن (تقليد) دەبێتەوە. واتە بەگژ سەرجەم کولتوورەکانی پێشوو و ترادیشنەکاندا دەچێتەوە. مۆدێرنیتە لە بەرانبەر هەمەڕەنگیی جیۆگرافی و سیۆمبۆڵیی ئەو کولتوورانەیشدا وا خۆی دەسەپێنێت وەک یەکەیەکی هاوچەشن بێت، لە خۆرئاواوە ئاڕاستە بووبێت و بە جیهاندا بڵاو بووبێتەوە. ئەو چەمکە بە گشتی ئاماژەیە بۆ پێشکەوتنی مێژوویی و گۆڕانی شێوازی بیرکردنەوە (ذهنية). (مسرحي، ٢٠٠٧، ل٢٠)دەکرێت بگوترێت، مۆدێرنیتە چوارچێوەیەکی داسەپاوە بەسەر فکری کۆمەڵایەتی و سیاسی، نەک هەر لە خۆرئاوادا، بەڵکو لە زۆر شوێنی تری جیهاندا.(بامبرا، ٢٠١٦، ل١١)

چەمکی مۆدێرنیتە هەمیشە بە چەمکێکی ترەوە دەلکێت، ئەویش چەمکی ڕاشناڵەتییە (العقلانية: Rationality)، چونکە ڕاشناڵەتی زەمینە بۆ پێکهاتنی مۆدێرنیتە خۆش دەکات. بەعەقڵانیکردنیش لە لایەک مانای جیاکردنەوەی زانستە لە تێڕوانینەکانی ئایینی، ئایدیۆلۆجی و سیاسی، لە لایەکی تر لێکۆڵینەوەیە لە دیاردەی سیاسی وەک بابەتێکی سەربەخۆ، کە ئەمە لەگەڵ (ماکیاڤیلی) دەستی پێ کرد و دوو مانای لە خۆ گرت: یەکەم، جیاکردنەوەی لە بیرکردنەوەی میتافیزیکی لە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت. دووەم، جیاکردنەوەی لە ئایدیۆلۆجیای ئایینی، کە ئەمەیان لەگەڵ دەرکەوتنی دەوڵەتی دیمۆکراتیی عەلمانیی نوێدا دەرکەوت. لە لایەکی ترەوە بەعەقڵانیکردن گوتاری مێژووییش دەگرێتەوە، بەوەی دەبێت مێژوو تێڕوانینێکی دینامیکیانە بە خۆیەوە بگرێت و لەگەڵ پێوەری پێشکەوتندا بگونجێت. لەپاڵ ئەوەدا دەبێت ئایینیش بەعەقڵانی بکرێت، کە مانای وایە تێکستی ئایینی بە شێوەی عەقڵانی بخوێنرێتەوە و لە ژێرڕۆشناییی عەقڵدا هەوڵی تێگەیشتنی بدرێت، کە ئەمەیان لەگەڵ (سپینۆزا)دا دەستی پێ کرد، کاتێ ئینجیلی بە

شێوەیەکی ڕەخنەگرانە خوێندەوە. دواجار ڕاشناڵیتی چەمکی نیهیلیزم (العدمية: Nihilism)یش دەگرێتەوە، کە مانای وایە هیچ شتێک ڕەها نییە، بگرە هەموو حەقیقەتێکی مۆڕاڵی بە لاوە دەنێت و ددان بە هەیکەلیەتی بەهاکاندا نانێت. (نیتشە) بە دامەزرێنەری تیۆریی نیهیلیزم دادەنرێت، بەوەی پێی وایە بەهاکان هیچ نرخێکیان نییە، مادام حەقیقەتەکان تەنیا وەهمن. (بامبرا، ۲۰۱٦، ل٤٠_٤٢)

لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمەوە هەر کاتێ باس لە مۆدێرنیتە کرابێت، ئەوا چەمکی (پۆستمۆدێرنیتە)یش خۆی قوت کردووەتەوە، کە ئەمە هێندەی دیکە ئیشکالیەتی خستووەتە ناو چەمکی مۆدێرنیتەوە، بەوەی چەمکی پۆستمۆدێرنیتە خۆی لەو کەمتر هەڵگری کێشە و ئیشکالیەت نییە.

هەندێک پێیان وایە ئەو تێکستەی (جان فرانسوا لیۆتارد) (1924_ 1998)، کە ساڵی (1979) لەژێر ناونیشانی (مەرجەکانی پۆستمۆدێرنیتە)دا بڵاو کرایەوە، یەکەمین تێکستە بیرۆکە سەرەکییەکانی پۆستمۆدێرنیتەی تێدا خرابنە ڕوو، کە سەرجەمیان بریتین لە جیاوازی لەگەڵ مۆدێرنیتە لە ڕووی پێشکەوتن، ئازادی و عەقڵدا. لەوێدا بڕیار لە سەرنەکەوتنی مۆدێرنیتەی خۆرئاوا دەدرێت. (بامبرا، ۲۰۱٦، ل ٢٤).

وەک دەبینین نە مێژووی سەرهەڵدانی ئەو دوو چەمکە تەواو ساغ کراونەتەوە، بەوەی هەر لایەک بۆ سەردەمێکی جیاوازیان دەگەڕێنێتەوە و نە مانای تەواویشیان بە ڕوونی لێک دراوەتەوە. هەندێک وای دەبینن سەردەمی مۆدێرنیتە هەر بە ڕاستی بە سەر چووە و پۆستمۆدێرنیتە خۆی بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی نوێ ئامادە دەکات، کە بنەماکانی لەگەڵ مۆدێرنیتە جیاواز بن، بەڵام هەندێکی تر باوەڕیان وایە تەنیا کەمێک گۆڕانکاری و ڕێککردنەوە بە سەر مۆدێرنیتەدا هاتوون، کە ئەو گۆڕانکاری و ڕێککردنەوانە چەندیش گەورە بن، هێشتا مانای دابڕان نییە لە مۆدێرنیتە. (بامبرا، ۲۰۱٦، ل٢٥)

هەرچۆنێ بێت ئەو دوو چەمکە لەم پەنجا شەست ساڵەی دواییدا بوونەتە جێگای مشتومڕی زۆر لە نووسەر و بیرمەندان، بە ڕادەیەک کەم چەمکی تر هەیە بە ئەندازەی ئەو دوو چەمکە قسەی لێوە کرابێت، ئەویش لە لایەک بە هۆی ئەوەی ئەو دوو چەمکە هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، سۆسیۆلۆجی، ئەدەب، هونەر و زۆری تر دەگرنەوە و لە لایەکی تر هەندێکجار جیاکردنەوەی هەردوو چەمکەکە لە یەکتر ئاسان نییە، بەوەی پۆستمۆدێرنیتە مانای تەواوبوونی مۆدێرنیتە نییە، بەڵکو درێژکراوەیەتی. لەسەر ئاستی فەلسەفییشدا ئەو دوو چەمکە تێڕوانینی فەیلەسوفانیان بەسەر دوو بەرە دابەش کردووە، کە (یۆرگن هابرماس: Jurgen Habermas) بە تەنیا لە لایەک دەوەستێت و پێی وایە (مۆدێرنیتە پڕۆژەیەکی تەواونەبوو)ە، وەک لە کتێبی (دیسکۆرسی فەلسەفییانەی مۆدێرنیتە)دا پێی لەسەر دادەگرێت و دەیەوێت بەرگریی لێ بکات. (هابرماس، ۱۹۹٥، ل٥) بە مانایەکی تر لە دژی ئیڕاشناڵەتی (ناعەقڵانیەت: Irrationality)دا بەرگری لە ڕاشناڵەتی دەکات. لەو کتێبەیدا (هابرماس) بە توندی ڕەخنە لە (مارتین هایدگەر)، (مێشێل فۆکۆ)، (جیل دۆلۆز)، (جان لیۆتارد) و (دێریدا) دەگرێت و پێی وایە ئەمانە لە ڕەشبینی و عەدەمدا نقوومن. بە بڕوای (هابرماس) بیرۆکەی پۆستمۆدێرنیتە لای (هایدگەر) و (مێشێل فۆکۆ) و ئەوانی تر لە قاڵبێکی سیاسیی تەواو جیاواز، قاڵبێکی ئەنارشیستی (فوضوي)دایە، کە هەر ئەوانە بانگەشەی کۆتاییی ڕۆشەنگەرییش دەکەن. بەم شێوەیە پێ دەخەنە ناو پۆستمێژوو (ما بعد_ التاريخ: Post-history)ەوە. (هابرماس، ۱۹۹٥، ل١١) بە بڕوای (هابرماس) لە (نیتشە)وە دوو ئاڕاستە لە سەدەی بیستەمدا دەردەکەون: یەکەمیان، خۆی لە تیۆریی دەستەڵاتدا دەبینێتەوە، کە بە (فۆکۆ) کۆتاییی دێت لە ڕێگەی (جۆرج باتای: Georges Bataille)ەوە، بەڵام ئاڕاستەی دووەم لە ڕەخنەگرتن لە میتافیزیکادا خۆی نمایش دەکات، کە هەر یەک لە (هایدگەر) و (دێریدا) ڕابەرایەتیی دەکەن. (گفتوگۆ لەگەڵ هابرماسدا. ئێنەرێت). ئەو دوو ئاڕاستەیە لەوەدا دەگەنەوە یەک، کە باوەڕیان وایە مۆدێرنیتە سەرکەوتوو نەبووە و بە سەر چووە. ئێرە تەنیا خاڵی جەوهەریی کێشەی مۆدێرنیتە و پۆستمۆدێرنیتە نییە، بەڵکو سنووری ئەو دوو تێڕوانینەیشە، کە (هابرماس) لە هەر یەکێک لەو فەیلەسوفانەی تر جیا دەکاتەوە. دەگەینە ئەوەی بڵێین کاتێ باس لەم دوو چەمکە دەکەین، ئەوا (هابرماس) بەردەوام بوونی هەیە، بەوەی گەورەترین بەشی ژیانی خۆیی بۆ ئەو مەسەلەیە تەرخان کردووە. (هابرماس) هەر بەوە ناوەستێت ڕەخنە لەوانە بگرێت، بەڵکو ڕەخنە ئاڕاستەی ئەندامانی قوتابخانەی فرانکفۆرت لەوانە (ماکس هۆرکهایمەر: Max Horkheimer) و (تیۆدۆر ئەدۆرنۆ: Theodor W. Adorno)یش دەکات، کە خۆیشی یەکێک بووە لە ئەندامانی ئەو قوتابخانەیە. ڕەخنەی ئەو بەتایبەتی لە (هۆرکهایمەر) و (ئەدۆرنۆ)دا چڕ دەبێتەوە، کە بەوە تۆمەتباریان دەکات کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی بۆچوونە ترسناکەکانی (نیتشە)وە.(ماڵپەری الاوان،(۲۰۱۳) من اجل تقافه علمانيه عقلانيه). ئەو دوو فەیلەسووفە لە کتێبی (دیالێکتیکی ڕۆشنگەری)دا، کە لە ساڵی ١٩٤٧ لە ئەمستردامدا چاپ کراوە و دواتر لە ساڵی ١٩٦٩ لە فرانکفۆرتدا چاپ کراوەتەوە، ڕەخنەی توند لە مۆدێرنیتە و ڕۆشنگەری دەگرن. پێیان وایە مرۆڤایەتی لە جیاتیی ئەوەی بە ڕاستی پێبەندی هەلومەرجی مرۆڤایەتی

ببێت، هەر زوو نقوومی شێوازێکی نوێی بەربەریەت بوو. (ادورنو، ٢٠٠٦، ل١٣ ) تەنانەت پێ لەسەر ئەوە دادەگرن، کە دەرکەوتنی فاشیزم شتێک نییە جگە لە داڕووخانی خودی ڕۆشەنگەری. (ادورنو، ٢٠٠٦، ل١٤) لەم کتێبەدا بۆ یەکەمجار گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە ڕەوتی قوتابخانەی فرانکفۆرتدا دێتە کایەوە، کە پێشتر نموونەی نەبووە. تێیدا ڕەخنە لە مۆدێرنیتە و ڕۆشەنگەری دەگیرێت، بگرە ڕاشکاوانە دەگوترێت ئەفسانە بووەتە ڕۆشەنگەری و ڕۆشەنگەرییش بۆ میتۆلۆجیا گۆڕاوە.(ادورنو، ٢٠٠٦، ل١٩ )سەیر نییە ئەگەر ڕاڤەکارن پێیان وا بێت ئەوەی ئەو دوو فەیلەسووفە لە چلەکاندا کردوویانە دواتر (فۆکۆ) و ئەوانەی تر لە شەستەکان لە فرەنسادا پێی گەیشتوون، کە هەردوو لایان لەوەدا یەک دەگرنەوە، مۆدێرنیتە کورتی هێناوە، بگرە بە ئاکامی ترسناک گەیشتووە، تەنانەت (فۆکۆ) لە گفتوگۆیەکی ساڵی ١٩٧٨دا ددان بەوەدا دەنێت هەوڵەکانی ئەو ئەندامانەی قوتابخانەی فرانکۆفۆرت لەو ڕووەوە دەکەونە پێش هەوڵەکانی خۆیەوە.(ماڵپەری الاوان ،(٢٠١٣)، الجیل الاول لمدرسه فرانکفورت من المارکسیه الی ما بعد الحداثه).

بۆچوونەکانی (هۆرکایمەر) و (ئەدۆرنۆ) ڕووبەڕووی ڕەخنەی تووڕەی (هابرماس) دەبنەوە، کە لە کتێبی (دیسکۆرسی فەلسەفییانەی مۆدێرنیتە)دا بەشێک لەژێر ناونیشانی (تێکەڵکردنی ئەفسانە و ڕۆشەنگەری)دا بۆ ئەو مەبەستە تەرخان دەکات و لەم ڕووەوە کتێبەکەیان بە ڕەشترین کتێب ناو دەبات، کە ڕەوتی تێکدەرانەی ڕۆشەنگەری بۆ چەمکەکان دەگۆڕێت، بەو مانایەی ڕاڤەکردنی ئەوان هیچ هیوایەکیان بۆ ناهێڵێتەوە.(هابرماس، ١٩٩٥، ل١٧١). (هابرماس) لە ڕەخنەکانیدا بە پلەی یەکەم پشتی بە (ماکس ڤیبەر: Max Weber) قاییمە، بۆیە ناکرێت باس لە چەمکی مۆدێرنیتە لای ئەو بکرێت و بەسەر (ڤیبەر)دا باز هەڵبدرێت. ئەوەی وایشی لێ دەکات بەردەوام بۆ (ڤیبەر) بگەڕێتەوە، تێگەیشتنی ئەوە، واتە هیی (ڤیبەر) بۆ چەمکی عەقڵ، کە لای (هابرماس) بە ڕەگەزی گرنگی مۆدێرنیتە دادەنرێت، یان دەتوانین بڵێین چەمکی عەقڵ لای (ڤیبەر)دا وەک چەمکی مۆدێرنیتە وایە لای (هابرماس)دا. بە بڕوای (ڤیبەر) ڕاشناڵەتی چەمکێکی مێژووییە و دنیایەکی تەواوە لە شتی دژبەیەک (تناقضات)، پێویستە لەسەرمان لەو گیانە بگەڕێین، کە ئەو شێوە فیکرە بەرجەستە دەکات.

(هابرماس) لە خوێندنەوەی تیۆریی (ڤیبەر)دا تیشک دەخاتە سەر مانای مۆدێرنیتە وەک بەعەقڵکردن (عقلنە)ێکی تەواو و پێوەندیی دۆستانەی نێوان مۆدێرنیتە و بەعەقڵکردنیشدا. باوەڕی وایە هەموو ئەو ڕووناکبیرانەی لە مۆدێرنیتە بە ئاگا هاتوون، لە سەرووی هەموویانەوە (هیگڵ)، جەختیان لەو پێوەندییە بەتینە کردووەتەوە، بۆیە پێی وایە پێویستە بۆ تیۆرییە کلاسیکییەکانی مۆدێرنیتە بگەڕێینەوە بە هەردوو بەشی فەلسەفی (هیگڵ) و سۆسیۆلۆجی (ماکس ڤیبەر)، بە دوو مەبەست، یەکەم، جەختکردنەوە لەسەر ئەو پێوەندییە و دووەم، بۆ ئەوەی بزانرێت ئەو ڕەوتانەی پۆستمۆدێرنیتە تا چ ئەندازەیەک بانگەشەکانیان گونجاون، کە باس لە دروستبوونی کەلێن دەکەن لەنێوان مۆدێرنیتە و عەقڵدا.(ماڵپەری المعابر، (٢٠١٠)، دفاعا عن الحداثه والعقل ) .

(زیگمۆنت باومان)ی کۆمەڵناسی پۆڵەندی، کە بە ڕەخنەگرێکی سەرسەختی مۆدێرنیتە دادەنرێت، بۆ جوداکردنەوەی مۆدێرنیتە و پۆستمۆدێرنیتە چەمکی (ڕەق) و (شل) دادەهێنێت، کە ئەگەر یەکەمیان مانای جێگیری و نەبزاوتن بێت، ئەوا دووەمیان لەدەستچوونی ئەو ڕەقییە و دەرکەوتنی شلییە، کە تێیدا شتەکان مانای خۆیان ون دەکەن. دەکرێت لە دۆخی شلیدا هەموو شتێک ڕوو بدات، بەڵام نە تامیان هەیە و نە جێگەی باوەڕیشن، کە مانای وایە جیاوازییەکی گەورە لەنێوانیاندا نییە. لە کتێبی (مۆدێرنیتەی شل)دا دەنووسێت: (وام لە ڕەقی و شلی نەڕوانیوە و ناڕوانم، کە دووانەی دژبەیەک بن، بەڵکو وایان دەبینم دوو دۆخی هاوڕێکن، پێوەندییەکی دیالێکتیکی هەڵیاندەسووڕێنێت، "کە لەو پێوەندییە دەچێت فرانسوا لیۆتار مەبەستیەتی، کاتێ گوتی مرۆڤ ناتوانێت سەر بە مۆدێرنیتە بێت، ئەگەر پێشتر سەر بە پۆستمۆدێرنیتە نەبێت". ئەوە گەڕان بەدوای ڕەقیی شتەکان و دۆخەکانە بۆ توانەوە پاڵیان پێوە دەنێت، لەسەر بەردەوامیی توانەوەیاندا دەهێڵێتەوە و ڕەوتیان دیاری دەکات. شلی لایەنێکی دژ نییە، بەڵکو شوێنەوارێکە لە شوێنەوارەکانی گەڕان بەدوای ڕەقیدا، هیچ باوکێکیشی نییە، ئەو نەبێت، هەتا ئەگەر ئەو باوکە حاشا لە کوڕە، یان کچە شەرعییەکەی بکات). (باومان، ٢٠٠٦، ل٢٧). واتە شلی بەرهەمی ئەو ڕەقییەیە. لە قۆناغی شلیدا شتەکان زیاتر لە بار یەک چوون، کۆچی بەکۆمەڵ، لێکترازانی پێوەندیی تاکەکان، نیگەرانی، نائومێدی و زۆری تر لەو دۆخە شلەمەنیەدا خێراتر و زۆرتر بوون. بە مانایەکی تر ئەگەر شلی بەردەوام و بێژمار شتمان دەخاتە بەر دەم، بەڵام بەوەدا ئەو شتانە تێکەڵی یەکتر دەکات، ئەوا ڕێگە نادات هیچ شتیک ڕوون بێت، بۆیە ئارامی و دڵنیاییمان لێ هەڵدەگرێت. هەموو ئەمانە لە ئاستی سۆسیۆلۆجیادا بە تەواوی ڕەنگیان داوەتەوە.

دەگەینە ئەوەی بڵێین مۆدێرنیتە ئەگەرچی وا خۆی دەرخستووە کۆمەڵگەکان لە قۆناغی تاریکی، برسێتی، نەزانی، هەژاری و زۆری ترەوە دەباتە قۆناغێکی تری پێشکەوتن، کە تێیاندا بە هۆی عەقڵ و زانستەوە خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی فەراهام دەبن، بەڵام هەر لە سەرەتاوە فەیلەسوف و بیرمەندان هەستیان کردووە ئەم ئاڕاستەیە لە زۆر ڕووەوە کورتی هێناوە، بۆیە بە ڕەخنەی توند ڕووبەڕووی بوونەتەوە، کە ئەو ڕەخنانە وایان کردووە کۆمەڵێک ئاڕاستەی جیاواز لەناو هزری جیهانیدا بێنە کایەوە. ئەو ڕەخنانە

لەوەدا خۆیان دەبیننەوە، کە چەمکە فکرییەکان بەو شێوە ڕەهاییە نین، وا بانگەشەرانی مۆدێرنیتە بانگەشەیان بۆ دەکەن، بەڵکو هەر یەکێ لەو چەمکانە پێویستی بە خوێندنەوەی زیاترە، بەو مەبەستەی کۆمەڵێک ڕەهەندی دیکەیان تێدا ئاشکرا بکرێن. ئەگەر عەقڵ و زانست لە ڕوویەکەوە ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانییان هێنابێت، ئەوا لە زۆر ڕووی ترەوە بوونەتە هۆی نەهامەتی وماڵوێرانی. بەهێزبوونی دامودەستگە داپڵۆسێنەرەکان، زیادبوونی زیندان و شێوازە نوێیەکانی ئەشکەنجە، چاودێریکردنی هەڵسوکەوتی تاک، سنووردارکردنی توانای مرۆڤ، بەکەمسەیرکردنی ئەو کۆمەڵگایانەی دەکەونە دەرەوەی دنیای خۆرئاواوە، کۆچی تاک و بەکۆمەڵی مرۆڤ، تێکچوونی ژینگە، بگرە شەڕە خوێناوییەکانیش ڕووە شاراوەکەی مۆدێرنیتەن، کە پێویستە دەربخرێن. عەقڵ دنیا و ژیانی کردە دوو بەش، بە ڕادەیەک هەر شتێک لەگەڵ پێوەری ئەو عەقڵەدا نەیەتەوە، بە ناتەواو دابنرێت و هەوڵی سڕینەوەی بدرێت. ئەو سێنترالیزمە بە شێوەیەک لە شێوەکان خۆرئاوا دەکاتە سێنتەر و وا لە دەرەوەی دەڕوانێت، لۆکاڵە و خاوەنی بەرهەمی ماددی و مەعنەوی نییە، کە فەیلەسووف و بیرمەنداN هەر لە (نیتشە)وە تا (فۆکۆ)، (دۆلۆز)، (لیۆتار)، (دێریدا) و ئەوانەی تر لێی بە ئاگا دێنەوە و ڕەخنەی توندی لێ دەگرن، بگرە مەترسییەکانی ئاشکرا دەکەن. بەم شێوەیە ئەو شەڕە فکرییەی لەنێوان ئەوانەی ڕەخنە لە مۆدێرنیتە دەگرن و ئەوانەی بەرگریی لێ دەکەن، هزری مرۆڤایەتی گەیاندە ئاستێکی ترەوە، بە ڕادەیەک تێکڕای بوارەکانی وەک فەلسەفە، سۆسیۆلۆجیا، سایکۆلۆجیا، ئەنترۆپۆلۆجیا، ئەدەب و هونەر بگرێتەوە. بایەخی ئەو شەڕە فکرییە لەوەدایە کۆمەڵێک چەمکی وەک مافی تاک، ئازادیی دەربڕین، یەکسانکردنی ڕەگەزەکانی مرۆڤ، ئازادیی سەفەر، ئازادیی جێنشینی و زۆر تر کراونەتە تەوەرەی باسەکان. واتە ئەو ڕەخنانە وایان کردووە چەمکەکان لە چوارچێوەیەکدا قەتیس نەبن و یەک پێناسەیان بۆ نەکرێت، بەڵکو پێویستە بەردەوام ئەو چوارچێوەیە فراوان ببێت و پێناسەکان هەمیشە نوێ بکرێنەوە. کەواتە فکری ڕەخنەیی ئەگەر بەرهەمی مۆدێرنیتەیش نەبێت، ئەوە لە سەردەمی مۆدێرنیتە و بە هۆی ئەو شەڕەی هێناویەتیە کایەوە، بەهێز بووە و دەیان قوتابخانە و ڕێبازی لێ کەوتوونەتەوە.

### 2.2سەرهەڵدانی کۆمەڵناسی وەک زانست

وەک هەر زانستێکی تر دیاریکردنی مێژوویەکی کۆنکریت بۆ سەرهەڵدانی کۆمەڵناسی کارێکی ئاسان نییە، چونکە ڕیشەی هەموو زانستەکان بۆ ئەو هەوڵە سەرەتاییانە دەگەڕێتەوە، کە مرۆڤی کۆن، مرۆڤی پێش مێژوو لەپێناوی تێگەیشتن لە ژیان و ڕێکخستنی کاروباری کۆمەڵایەتی، ئابووری، کەلتووری، دیپلۆماسی و هتددا داویەتی. دیارە بە هۆی نەبوونی، یان پێشنەکەوتنی پرۆسێسی نووسین و تۆمارکردن نەتوانراوە زۆربەی ئەو بەرهەمانەی سەردەمە زووەکان بپارێزرێن و بە چاکی بە ئێمە بگەن، تاکو ئەمڕۆ وەک پێویست سوودیان لێ ببینین و وێنەیەکی ڕوونتری ئەو مێژووەمان بکەوێتە بەرچاو، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا ڕاڤەکاران هێندەی پێوەندیی بە کۆمەڵناسییەوە هەیە توانیویانە لە ڕووی تیۆرییەوە بەشێک لە مێژووی ئەو زانستە و قۆناغەکانی گەشەکردنی دەستنیشان بکەن.

لانی کەم لە سەدەی پێنجەمی پێش زایینەوە کۆمەڵێک فەیلەسوف وەک سیستەمێک لە کۆمەڵگەیان ڕوانیوە، کە لە کۆمەڵێک کەس پێک دێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو. دواتر هەیانە وەک (تۆماس هۆبز) لە سەدەی حەڤدەمدا، کە پێی وایە کۆمەڵگە شتێک نییە جگە لە ڕێگەیەک بۆ پارێزگاری لە خەڵک. ئەوانەی تر وای دەبینن کۆمەڵگە داهێنانێکی دەستکرد (ابتكار مصطنع)ە بۆ بەدیهێنانی ئابووریی هاوبەش، کە (ئادەم سمیس) و شوێنکەوتووانی سەر بەو بۆچوونەن. بە هەمان چۆنییەتی تاکگەراییەکان (الفردیون) لە سەدەی هەژدەمدا وا بانگەوازیان دەکرد، کە (مرۆڤ بە سەربەستی لە دایک دەبێت و لەگەڵ ئەوانەی تردا یەکسانە). ئەو پەیمانە کۆمەڵایەتییەی دەشیبەست، تەنیا بۆ تێرکردنی پێویستییە کۆمەڵایەتییەکانی بوو لەوەی پێوەندییان بە ڕێکخستنی ژیان و پارێزگاریکردنیەوە هەیە لە کۆمەڵگەدا. سەرجەم ئەو تیۆرییانە وا لە کۆمەڵگە دەڕوانن وەک ئەوەی لەسەر جۆرێک هاوپەیمانیی ڕاستەقینە دامەزرابێت لەنێوان تاکەکاندا، یان لەنێوان گەل و حوکوومەتدا.(ماکیڤر وشارلز هـ پیج، ٢٠٠٠، ل٨٨-٨٩).

هەیانە مێژووی کۆمەڵناسی، دروستتر تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکان بۆ زۆر لەوە دوورتر دەگەڕێننەوە، بەوەی پێیان وایە ئەگەرچی کۆمەڵناسی وەک ئاڕاستەیەکی ئەکادیمی لە زانکۆکاندا نوێیە، کە لە ئەوروپا دەرکەوتووە و بە دنیادا بڵاو بووەتەوە، بەڵام ڕیشەکەی وەک یەکێک لە زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان بۆ چەند سەدەیەکی ڕابردوو دەگەڕێتەوە. پێ لەسەر ئەوە دادەگرن، کە سەرەتای کۆمەڵناسی لە جیهاندا بۆ شارستانەتی میسری دەگەڕێتەوە، بەوەی سیستەمی شاریان بە چەند سەدەیەک پێش یۆنان ناسیوە.

میسرییەکان تیۆرییەکی کۆمەڵایەتیی سەرەتاییان بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە دانا، بەوەی دابەشیان دەکردە سەر دوو چین: یەکەم، چینی دەستەڵاتدارانی پیرۆز و دووەم، چینی گشت (طبقة العامة).(ماڵپەری موضوع ، (٢٠١٨)،نشأة واتطور علم الاجتماع).

کۆمەڵناسی فرانسی (گاستۆن بوتول: Gaston Bouthoul) دەڵێت بۆ یەکەمجار لە وڵاتی ئەگریکدا تێکڕای ئەو هۆکارانە پێکەوە دەرکەوتن و قوتابخانە فەلسەفییە گەورەکانی وەک قوتابخانەی سۆفیستاییەکان، قوتابخانەی ئەریستۆ، قوتابخانەی ئەفڵاتون لە قۆناغی پەشێویدا گەشە بکەن، کە جەنگی پۆلۆپۆنیز چەقی هەموویانە.(بوتول، بێ ساڵی چاپ، ل٥).

(ئەنتۆنی گیدینیز) لە لایەک ئاماژە بە شۆڕشی پیشەسازی دەدات لەوەی لە ئەوروپادا زەمینەی بۆ دەرکەوتنی کۆمەڵناسی ڕەخساند،(جیدنز، بێ ساڵی چاپ ، ل١٣) لە لایەکی تریش ڕۆڵی گەورەی شۆڕشی فرانسی بە گرنگ دەزانێت لەوەی چۆن بووە هۆی لەناوچوونی سیستەمی ئۆرستۆکراتی، کە لەمەوە پرینسیپەکانی وەک ئازادی و یەکسانی بایەخیان پێ درا. هەر ئەمانەیش ڕێگەیان بۆ دەرکەوتنی سیستەمی سیکۆلاریزم (عەلمانی) خۆش کرد. لە لایەکی ترەوە شۆڕشی فرانسی بووە هۆی بەیەکبەستنەوەی ڕووی سیاسی بە ڕووی ئابوورییەوە، کە لەناو ئەو گۆڕانکارییانەدا کۆمەڵناسی دەرکەوت. پێ لەسەر ئەوەیش دادەگرێت، کە ئەزموونە جۆراوجۆرەکان لە سەدەی هەژدەمدا دەستیان پێ کرد و لە سەدەی نۆزدەمدا فیکری کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی ئەو جیاوازییانەدا دەرکەوت.(جیدنز، بێ ساڵی چاپ، ل١٤).

ئەگەرچی سەدەی هەژدەم و سەدەکانی پێشتریش لە سەرهەڵدانی کۆمەڵناسیدا بە گرنگ دەزانرێن، بەڵام بەشێکی زۆری مێژوونووس و ڕاڤەکاران وای دەبینن کۆمەڵناسی تاکو سەدەی نۆزدەم وەک زانستێکی سەربەخۆ دەرنەکەوتووە. لەم ڕووەوە (ئەلڤین گولدنەر)ی کۆمەڵناس دەڵێت کۆمەڵناسی لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەم لە ئەوروپای خۆرئاوادا دەرکەوت، لە ژینگەیەکدا، کە نەیدەزانی چی لەو سیستەمە نوێیەی عەقڵ بکات. بەم شێوەیە کۆمەڵناسی لە خۆرئاوای ئەوروپادا ئەو ژینگەیەی نەبوو، تاکو پشتیوانیی بکات وەک چۆن لە چوارچێوەی خۆیدا سەرکەوتنی بۆ دامەزرێنەرانی یەکەمی بە دەست نەهێنا. ژینگە گونجاوەکەی بە تێپەڕینی کات لە شوێنێکی تر بوو چ لە خۆرهەڵات و چ لە خۆرئاوایش. بەم شێوەیە کۆمەڵناسی سەرکەوتنی خۆی بە هۆی دامودەستگەکانەوە بە دەست هێنا، بەوەی بوونە پاڵپشتی و هانیان دا، دوای ئەوەی ڕووبەڕووی دووپارچەبوون بووەوە، کاتێ دوو کۆمەڵناسیی کەرتبوو دەرکەوتن، کە هەر کەرتەی توێژی کۆمەڵایەتیی جیاوازی خۆی، بگرە گەلی جیاوازی خۆی دۆزییەوە. یەکێکیان ڕووی کردە خۆرهەڵات، کە مارکسیزم نوێنەرایەتیی دەکرد و بووە کۆمەڵناسیی بەردەوامی یەکێتیی سۆڤیەت بە شێوەی فەرمی، بەتایبەتی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، بەڵام ئەوەی تریان، کە ناوی لێ دەنێم (کۆمەڵناسیی ئەکادیمی) بەرەو خۆرئاوا کشا و بووە ڕەگەزێکی سەربەخۆ لەوەی تر، کە لەناو کەلتووری ئەمەریکیدا چالاکیی پەیدا کرد.(جولدنر، ٢٠٠٤، ل٦٧)

لەم ڕووەوە (گیدینیز) ئاماژە بە کاریگەریی دوو شۆڕش دەدات: یەکەمیان، شۆڕشی فرانسی، بەڵام دووەمیان، شۆڕشی پیشەسازی لە بریتانیا، کە سەرەتاکەی بۆ سەدەی هەژدەم دەگەڕێتەوە و دواتر لە دەی نۆزدەمدا هەموو ئەوروپا دەگرێتەوە.(جیدنیز، ٢٠٠٦، ل٢٠-٢١).

کەواتە دەکرێت لەم ڕووەوە بگوترێت کۆمەڵناسی لە سەدەی نۆزدەم لە ئەوروپا لە منداڵدانی فەلسەفە نوێیەکاندا هاتە دەرەوە، کە (ئۆجێست کۆنت ١٧٩٨- ١٨٥٧)، کۆمەڵناس و فەیلەسوفی فرانسی لە ساڵی ١٨٣٠دا ئەو چەمکەی داڕشت و خێرا وەک چەمکێکی ئەکادیمی بڵاو بووەوە، کە تەعبیری لە هەر لێکۆڵینەوەیەکی زانستی دەکرد، کۆمەڵگەی بگرتایەتەوە. (هێربێرت سپێنسەر)ی فەیلەسوفی ئینگلیز یەکەم کتێبی بە ناوی کۆمەڵناسی بۆ ئەم لقەی زانستی نوێ لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا تەرخان کرد. لەمەوە سەرجەم زانکۆ ئەوروپایی و ئەمەریکییەکان بەشی تایبەتیان بۆ لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی لە کۆلیجە مرۆییەکان دامەزراند، کە فەیلەسووفە مەزنەکانی وەک (ئیمیل دۆرکایم)، (ماکس ڤیبەر) و (کارل مارکس) سەرپەرشتییان دەکردن. هەروەها چەند کۆمەڵەی کۆمەڵناسی لە سەدەی نۆزدەم و بیستەمدا لە جیهان دامەزران. (ماڵپەری موضوع، (٢٠١٨)،نشأة واتطور علم الاجتماع).

دەکرێت کاتێ بیر لە گەشەکردنی کۆمەڵناسی لە سەدەی نۆزدەمدا دەکەینەوە، ئەوەمان بێتە بەرچاو، کە لەو سەدەیەدا بە گشتی زانستەکانی وەک کیمیا، فیزیا، بایۆلۆجی و هیی دیکەیش گەشەیان کردووە، کە هەموو ئەوانە یارمەتیی دەرکەوتنی کۆمەڵناسییان داوە.

نکووڵی لەوە ناکرێت سەدەی نۆزدەم لە دەرکەوتنی کۆمەڵناسیدا بایەخێکی تایبەتی هەیە، تەنانەت وشەی کۆمەڵناسی (سۆسیۆلۆجیا) یەکەمجار لە ساڵی ١٨٣٩دا لە ڕایەڵی بڕگەیەک لە وانەی چلوحەوت لە (وانەکان لە فەلسەفەی پۆزیتیڤیزم: دروس في الفلسفة الوضعية)ی (ئۆگۆست کۆنت)دا دەرکەوت.(کابان-دورتيه، ٢٠١٠، ل٢١).

ئەگەر ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتیانەی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم بایەخی گەورەیان لە پەرەسەندنی کۆمەڵناسی و تیۆرییەکەیدا هەبوو وەک شۆڕشە سیاسییەکان، شۆڕشە پیشەسازییەکان، دەرکەوتنی سەرمایەداری، شارستانیەت، گۆڕانکارییە ئایینییەکان، پێشکەوتنی زانست، ئەوا لێرەدا کۆمەڵێک بزووتنەوەی هاوچەرخ هەن، کە ڕەگ و ڕیشەیان لە دەرەوەی سنووری کۆمەڵناسیدایە، کاریگەریی گەورەیان لە پەرەسەندنیدا هەبووە. گرنگترینیان فێمینیزم، باوەڕی دژ بە ڕەگەزپەرستی، ڕاسترۆی نوێ، بزووتنەوەی ژینگە، بزووتنەوەی سەوز، ئەمە سەرەڕای گلۆبالیزم (عەولەمە)، کە کۆمەڵناسی هەوڵ دەدات لەگەڵی ڕابێت. (الجوهري، ۲۰۰۲، ل۲۱).

لە هەموو ئەمانەدا دەگەینە ئەوەی، کە کۆمەڵناسی وەک زانستێکی زیندوو خاوەنی خەسڵەتی بەردەوامی و گەشەکردنە، کە لەگەڵ گۆڕانکارییە سۆسیۆلۆجییەکاندا گۆڕانی بەسەر خۆیدا هێناوە، بۆیە بەردەوام قوتابخانە و ئاڕاستەی تری لێ دروست بوون، کە ئەمە مانای وایە زانستێکە لەناو چوارچێوەکەی خۆیدا دنیایەکی ڕەنگاوڕەنگی پێک هێناوە. دەکرێت ئەو ڕەنگاوڕەنگییە وا لێک بدەینەوە، کە بە درێژاییی مێژووەکەی لە ڕووداوە جۆراوجۆرەکان نزیک بووەتەوە و بەر ژیانی چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە کەوتووە. بەم شێوەیە لە هەر سەردەمێکدا چەند خەسڵەتێکی نوێی بە خۆوە گرتوون و پاراستوونی. لەم ڕووەوە کۆمەڵناسی فرانسی (گاستۆن بوتول: Gaston Bouthoul) پێی وایە کۆمەڵناسی تاکە زانستێکە هەر لە سەرەتای لەدایکبوونیەوە لەو دیاردانەی کۆڵیبێتەوە، کە لە گۆڕانی بەردەوامدان و هەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی ئەو زانستەیش بە تەواوی پێبەندی پەشێویی کۆمەڵایەتییە (عدم الاستقرار الاجتماعي). هزری کۆمەڵایەتی (التفکیر الاجتماعی) وای کردووە ئیلیت (نخبە)یەکی ڕۆشنبیر دەربکەوێت، کە هەوڵ بدات لە ڕەگەزە ڕاستەوخۆکانی ئەو ئەزموونە بکۆڵێتەوە و لێیان قووڵ ببێتەوە. نەک هەر هێندە، بەڵکو لەسەری پێویست بووە ئازادانە پۆڵێنیان بکات، بێ ئەوەی ملکەچی تاقە ڕێبازێک بووبێت، کە بەسەریدا سەپابێت.(بوتول، بێ ساڵی چاپ، ل٥).

(جۆن سکۆت) پێی وایە کۆمەڵناسی کۆمەڵێک بنەمای ڕەنگاوڕەنگ و جۆراوجۆرە. لەوێدا چەند بۆچوونی جۆراوجۆری کۆکراوە هەن، کە هەر یەکەی پشت بە فاکتی خۆی دەبەستێت و لە گفتوگۆی سۆسیۆلۆجییانەدا هەمان مافی ئەوانەی تری هەیە گوێی لێ بگیرێت. لەبەر ئەو هۆکارەیە ناکرێت ئەوانەی کار لەو بوارەدا دەکەن تەنیا لەسەر کۆمەڵێک لەو بۆچوونانە بوەستن، کە پەسەند کراون. ئەمە وای کردووە زۆربەی کۆمەڵناسەکان بگەنە ئەو باوەڕەی کۆمەڵناسی لە کرۆکی خۆیدا زانستێکە ملکەچی مشتومڕە.(سکوت، ۲۰۰۹، ل۲۷) واتە بەو توانا دینامیکییەی هەیەتی، توانیویەتی لە دیاردە و ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان بکۆڵێتەوە و ئەنجامی نوێتریان لێ بە دەست بهێنێت.

کاتێ ئەوە لە بەرچاو دەگرین، کە کۆمەڵناسی زانستێکە بایەخ بە پێوەندیی مرۆڤ و ژینگەکەی دەدات، ئەوە لە لایەک هەست دەکەین زانستێکی ئاڵۆزە، بەوەی مرۆڤ بوونەوەرێکی سادە نییە، بەڵکو فرەڕەهەندە، لە لایەکی ترەوە لەوە تێدەگەین، کە زانستێکە پێوەندیی بە هەموو ئەو زانستانەی دیکەوە هەیە، کە بایەخ بە مرۆڤ دەدەن. بەم شێوەیە کۆمەڵناسی ئەو زانستەیە گرنگی بە مرۆڤ و دەوروبەرەکەی دەدات و دەیەوێت لە نۆرم، دابونەریت، کارلێک، زمان، سیستێمی حوکمڕانی و هتد بکۆڵێتەوە، بۆیە بەپێی قۆناغەکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی گەشەی کردووە و گەشە دەکات، کە لێرەدا فاکتەرەکانی وەک ئابووری، جیۆگرافیا، مێژوو، زمان و زۆری تر ڕۆڵیان لەو گەشەکردنەیەدا هەبووە. ئەگەر ڕاڤەکاران ناتوانن لەسەر پێناسەیەکی چەسپاو بۆ ئەو زانستە ڕێک بکەون، یان بە مانایەکی تر زیاتر لە پێناسەیەکی بۆ دەکەن، هۆکارەکەی دیسان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە پێناسەکردنی تاک خۆی قورسە. کاتێکیش ئەو تاکە پێوەندیی بە تاکەکانی تر و بە دامودەستگە کۆمەڵایەتییەکانی وەک خێزان، قوتابخانە و هیی ترەوە هەیە، ئەوا ئیشکالیەتەکە گەورەتر دەبێت. لەبەر ئەوەیە کۆمەڵناسی هەمیشە پێوەندییەکی بەتینی لەگەڵ زانستەکانی تر دامەزراندووە، کە هەم کۆمەکی لێ وەرگرتوون و هەم کۆمەکی کردوون، بۆیە ناکرێت مێژووی سەرهەڵدان و گەشەکردنی کۆمەڵناسی لە مێژووی ئەو زانستە کۆمەڵایەتیانەی تر جودا بکەینەوە، بەو مانایەی خاڵی هاوبەشی لەگەڵیاندا هەیە، نەوەک لەبەر ئەوەی خاوەنی زمان و مێتۆدی سەربەخۆ نییە، بگرە بە پێچەوانەوە وەک (ئەدۆرنۆ) دەڵێت کۆمەڵناسی مێتۆدی تایبەتی خۆی هەیە وەک چۆن پرسیاری تایبەتیش دەورووژێنێت، کە ئەو پرسیارانە لە زانستەکانی تردا نین.(ادرنو، بێ ساڵی چاپ، ل٨٦).

ئەو پێوەندییە بەتینەی کۆمەڵناسی بە زانستە کۆمەڵایەتییەکانی ترەوە هەیەتی، لە سەرووی هەموویانەوە بە فەلسەفە، لە لایەک لە دیدگە و زمانیدا ڕەنگی داوەتەوە، کە دەکرێت بگوترێت کاریگەریی ئەو زانستانەی هەمیشە بەسەرەوە دیارە، لە لایەکی تریشەوە خۆی هەمان کاریگەریی بەسەر زمان و مێتۆدی ئەواندا جێ هێشتووە، کە ئەمە وای کردووە وەک چۆن بەشێکی ئەو زانستانە لە خۆی دەگرێت، بە هەمان شێوە بەشێکی خۆیشی لەناو زانستە کۆمەڵایەتییەکانی وەک ئەنترۆپۆلۆجیا، سایکۆلۆجیا و فەلسەفەدا بدۆزینەوە. لەم ڕووەوە هەندێک پێیان وایە پێوەندیی نێوان کۆمەڵناسی بە زانستەکانی تری وەک ئابووری، مێژوو، دەروونزانی و

ئەنترۆپۆلۆجیا هەم تێکچڕژاوە (متشابك) و هەم لە گۆڕاندایە. بێگومان جوداکردنەوەی کۆمەڵناسی لە زانستە کۆمەڵایەتییەکانی تر ئەمڕۆ تەواو ون بووە. لە ئاییندەیشدا ئەو پێوەندییە بەتینتر دەبێت.(مجموعة من اساتذة الجامعات المصرية، ٢٠٠٣، ل١١٧) (گاستۆن بوتول) دەڵێت ڕێبازەکانی تیۆریی سایکۆلۆجی (فرۆید)، (یۆنگ) و (ئەدلەر) خزمەتی گەورەیان بە کۆمەڵناسی کرد. واتە لایەنە سایکۆلۆجییەکەیان پێک هێنا.(بوتول، بێ ساڵی چاپ، ل١٠٠).

(ئەدۆرنۆ) پێی وایە کۆمەڵناسی وەک لقێک لە فەلسەفە جودا بووەتەوە.(ادرنو، بێ ساڵی چاپ، ل١٣)بۆیە ناکرێت لە مێژووی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی جودا بکرێتەوە. گەشەکردنەکەیشی وەک هەر زانستکی تر پێوەستە بە گەشەکردنی فەلسەفەوە، بە شێوەیەک بەبێ چوارچێوەیەکی فەلسەفییانە ناکرێت لە واقیع بگات، بۆیە لەپێناوی لێکدانەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و دروستکردنی پێوەندیی نێوان فاکتەکانی خۆی و ئەوانەی کۆمەڵگە و مێژوو، بۆ فەلسەفە دەگەڕێتەوە.(ماڵپەری موضوع ،(٢٠١٨)، نشأة واتطور علم الاجتماع).

(دۆرکایم) بەردەوام پێی لەسەر ئەوە داگرتووە، کە بەشی هەرە زۆری کۆمەڵناسی بواری فەلسەفییە.(جیدنز، ٢٠٠٦، ل٢١٢). بەو مانایەی لەگەڵ ئەوەیشدا باس لە مرۆڤ دەکات لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، بەڵام بە شێوەی فەلسەفییانە لەو تاکانە دەکۆڵێتەوە.

ئەگەر بمانەوێت بە شێوەیەکی دروست ئەو پێوەندییەی نێوان کۆمەڵناسی و فەلسەفە دەستنیشان بکەین، ئەوا دەبێت بۆ سەدەی پانزدە بگەڕێینەوە، کە لەو سەدەیەدا زۆر گۆڕانکاری بەسەر فکری کۆمەڵایەتیی خۆرئاوادا هاتن. لەو ماوەیەدا چەند فاکتەری گرنگ ڕۆڵی سەرەکییان لە پێکهێنانی تیۆریی کۆمەڵایەتیی هاوچەرخدا بینی: یەکەمیان، زیندووکردنەوەی کەلەپووری فەلسەفیی یۆنانی و ڕۆمانی، یان ئەوەی بە بیروباوەڕی مرۆڤایەتییەوە ناسراوە، کە خۆی لە ململانێی نێوان فکری کەنیسەیی لاهووتی و بیرکردنەوەی زانستیدا دەنوێنێت، بەڵام دووەمیان، بزووتنەوەی چاکسازیی ئایینیی پرۆتستانتییە، کە (مارتن لۆسەر) لە ساڵی ١٥١٧دا سەرکردایەتیی دەکرد و بووە هۆی دەرکەوتنی باوەڕی تاکەکەسی (الفردية) لە چوارچێوەی کالفینیدا، کە بەهای بەرزی بۆ کار و سەرکەوتنی دنیایی (النجاح الدنيوي) دادەنا. ئەمەیش پێچەوانەی باوەڕی کەنیسەی کاسۆلیکی بوو. ئەوە بووە هۆی سەرهەڵدانی سەرمایەداریی خۆرئاوا. سێیەم، داهێنانی زانستی و دەرکەوتنی مێتۆدی زانستی. لێرەدا گرنگترین داهێنانیش تیۆریی کۆپەرنیکۆسی پۆلەندییە، کە دەڵێت زەوی و ئەستێرەکان بە دەوری ڕۆژدا دەخولێنەوە. لە کۆتاییی ئەو سەدەیەدا مێتۆدی زانستی بە هەردوو باڵی، ئەزموونگەری ئیندەکتیڤ (الاستقرائي) ، کە پشتی بە سەرنجدانی واقیع دەبەست، لەسەر دەستی (فرانیس بەیکۆن)، ماتماتیکی دێدەکتیڤ (الاستنباطي)، کە پشتی بە عەقڵ دەبەست و (ڕینیە دێکارت) دایمەزراند. هەروەها لەم سەردەمەدا کۆمەڵێک ئاڕاستەی فکری دەرکەوتن و گەشەیان کرد، کە بە درێژکراوەی مەسەلە فەلسەفییەکان دادەنران، ئەوانەی لە ڕابردوودا باو بوون و بۆ دامەزراندنی زانستی کۆمەڵایەتی بە دەستپێشخەر دەزانران. هەر ئەمانەیش بوونە بەردی بناغەی کۆمەڵناسی.(الزيباري، ٢٠١٥، ل١٥).

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا هێشتا جیاوازی لەنێوان کۆمەڵناسی و فەلسەفەی کۆمەڵایەتیدا دەبینرێت، بەوەی هەر یەکەیان ڕێگەی گەڕان، ڕاڤە، ئامانج و ئەنجامی خۆی هەیە. لە کاتێکدا کۆمەلناسی زانستێکی ئەزموونگەریی (Empirical)ە، بەو مانایەی دەیەوێت لە ڕێگەی ئەزموون و سەرنجەوە دیاردەکان لە واقیعی گشتییەوە بهێنێتە ئاستی تایبەتەوە، تاکو بە شێوەی زانستی لێیان بکۆڵێتەوە و بە ئەنجامێک بگات، بەڵام فەلسەفەی کۆمەڵایەتی لە هەوڵی ئەوەدایە بەپێی هەندێک پرینسیپی گشتی حەقیقەتەکان پێشان بدات، کە بە شێوەی ڕەهایانە لە دوا هۆکاری شتەکان دەکۆڵێتەوە. واتە هەم لە ڕووی تیۆری و هەم لە ڕووی پراکتیکەوە جیاوازییان هەیە، بەڵام نکووڵی ناکرێت کۆمەڵناسی لەناو فەلسەفەی کۆمەڵایەتیدا چاوی هەڵهێناوە و دوای ئەوە لە گشتەوە بۆ تایبەت هاتووە، چونکە وەک گوترا بە ڕێگەی جیاواز لە چەمکە کۆمەڵایەتییەکان دەکۆڵێتەوە. کۆمەڵناسی هەر دیاردەیەک بە جیا لێک دەداتەوە، چونکە پشت بە زانست دەبەستێت، بێ ئەوەی ئەوە فەرامۆش بکات دیاردەکان لە ڕایەڵی کۆمەڵایەتیدا پێوەندییان بە یەکترەوە هەیە، بەڵام فەلسەفەی کۆمەڵایەتی دیاردەکان دەخاتە ناو چوارچێوەیەکی گشتی و هۆکارەکانیشیان بە کۆمەڵێک هۆکاری گشتییەوە گرێ دەدات، چونکە پشت بە زانست نابەستێت، تا بە تایبەت لێیان بکۆڵێتەوە. لەم ڕووەوە (دکتۆر مەحموود عوّدە) پێی وایە جیاوازیی لە ئامانج و سروشتی پرسیارە وروژاوەکانن جیاوازی لە ڕێگەکانی گەیشتن بە ئامانج و وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە دەسەپێنن. ئامانجی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی سەپاندنی هەندێک ئەندێشەی پێشوەختن، کە لای فەیلەسوف گەڵاڵە بوون و دەیەوێت لەسەر دیاردە بەرجەستەبووەکاندا جێبەجێیان بکات، کە لێرەدا پشت بە ئەزموونی تایبەتی خۆی دەبەستێت، لە کاتێکدا زانا، واتە کۆمەڵناس هێندەی ئەزموونی گشتی لە بەرچاو دەگرێت، هێندە گوێ بە ئەزموونی تایبەتی خۆی نادات. (عودە، بێ ساڵی چاپ، **ل٢٥** ) سەرەڕای بوونی جیاوازی، بەڵام هێشتا پێوەندیی نێوانیان پاراستووە، بەوەی هەر یەکەیان کۆمەک بەوەی تریان دەکات.

### 3. پێوەندیی کۆمەڵناسی و مۆدێرنیتە

ئەگەر کۆمەڵناسی لە سادەترین پێناسەیدا بریتی بێت لە توێژینەوەی هەڵسوکەوتی تاک، پێوەندیی مرۆڤ و مرۆڤ، گروپەکان، ڕایەڵی نێوان مرۆڤ و ژینگە، دامودەستگە کۆمەڵایەتییەکان، سیستێمی کۆمەڵایەتی و زۆری دیکە، ئەوا هەموو ئەوانە بەپێی قۆناغەکانی گەشەکردنی مرۆڤایەتی گۆڕانیان بەسەردا دێت، بۆیە کۆمەڵناسی لە سەردەمی مۆدێرنیتە و دواتر لە دنیای پۆستمۆدێرنیتەدا ڕووبەڕووی کۆمەڵێک چەمک بووەتەوە، کە لە قۆناغەکانی پێشوودا نەبوون. ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر لایەنی ئابووریدا دێن، هاوکات لایەنی کۆمەڵایەتی دەگرنەوە، ئەگەر نەگوترێت ئەوە لایەنی کۆمەڵایەتییە ئەو گۆڕانکارییانە دەردەخات. لەگەڵ هەر گۆڕانکارییەکدا تێگەیشتنی مرۆڤ هەم بۆ خۆی و هەم بۆ دەوروبەری گۆڕانی بەسەردا دێت، کە ئەمە لە هەڵسوکەوت و شێوازی پێوەندییەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە. بەوەدا عەقڵ و زانست دوو خەسڵەتی سەرەکیی مۆدێرنیتەن، وردەوردە گۆڕان بەسەر هزری تاکدا دەهێنن، بەوەی دەبنە هۆی گۆڕانی شوێنی ژیان، جلوبەرگی، کەلوپەلەکانی ماڵی، ڕێگەکانی گواستنەوەی، پیشەکەی، بگرە شێوازی دەربڕین و شێوەی دەرەوەیشی. بەم پێودانگە هەر گۆڕانکارییەک لە تەکنەلۆجیادا هاوشانی گۆڕانکارییە لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا. کۆمەڵناسان بەو مەبەستەی لەو نۆرم و خەسڵەتانە بگەن، کە لە ئەنجامی گۆڕانکارییە ئابوورییەکانەوە دەرکەوتوون و لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا خۆیان سەپاندووە، بە ناچاری پەنا بۆ بوارەکانی تری وەک فەلسەفە، سایکۆلۆجیا، مێژوو، ئەنترۆپۆلۆجیا، تەنانەت بۆ ئەدەب و هونەریش دەبەن، چونکە ئەو گۆڕانکارییانە هەموو بوارەکان دەگرنەوە و پێوەندییان بە یەکترەوە هەیە.

بە باوەڕی (بامبرا) سەدەی هەژدەم و نۆزدەم شێوازێکی تایبەتی فکریان بە خۆوە گرتووە، کە ئەمە بنەمایەکی تیۆریی ڕەخساندووە بۆ ڕوانین لە شارستانەتی خۆرئاوا لە پێوەندیی بە کۆمەڵگە و گەلانی تر. خەسڵەتە سەرەکییەکانی ئەو تیۆرییە ساوایە لە دوو ڕووەوە دەردەکەوتن: یەکەم، لە دابڕانی لە ڕابردوو، کە وای کرد جیهانی نوێ هەم لە جیهانی پێشتر و هەم لە هیی دوای خۆیشی جیاواز بێت. دووەم، خۆرئاوا بە تەنیا کەوتووەتە خۆی چۆن شێوازێکی تایبەت بە کۆمەڵگەکەی بدات. ئەمانە لە ئەنجامدا بوونەتە هۆی دەرکەوتنی گۆڕانکاری لە ڕووی سۆسیۆلۆجییەوە. هەر لێرەدا چ کۆمەڵناسانی وەک (دۆرکایم) و (ڤیبەر) و چ ئەوانەی پێشوویش وەک (سان سیمۆن) و (کۆنت) باوەڕیان هێناوە، کە لە میانەی گۆڕانکاریی گەورەی مێژوودا دەژین، بۆیە بایەخیان بەوە داوە لەوە بگەن ئەو گۆڕانکارییانە چۆن دەستیان پێ کردووە و کاریگەرییەکانیان چین، ئەگەرچی ڕوانینی جیاوازیان بۆ مۆدێرنیتە هەبووە.(بامبرا، ٢٠١٦، ل٦١-٦٢). پێشکەوتنی بەردەوامی زانست و تەکنیک لەگەڵ شۆڕشی تەکنەلۆجیا گۆڕانکاریی بەردەوامیان بۆ ناو ژیانی کۆمەڵایەتی هێنا و وایان کرد نۆرم، دابونەریت و کەلتوورە سواوەکان بپووکێنەوە. لە ژێرسایەی ئەو پرۆسەسە کۆمەڵایەتییەدا، بە ئاڕاستە جیاوازییەکانیەوە، ڕایەڵی گشتیی بۆ چەمکی مۆدێرنیتە هاتە کایەوە، بەو مانایەی پراکتیکێکی کۆمەڵایەتی و شێوازێکی ژیانە، کە لەسەر بنەمای گۆڕانکاری و داهێناندا وەستاوە.(ماڵپەری منبر، محمد عابد الجابری ،(٢٠٠١)، الحداثة وما بعد الحداثة ).

لێکۆڵینەوەکان زیاتر بە لای ئەوەدان، کە کۆمەڵناسی لە ئەنجامی مۆدێرنیتە دەرکەوتووە، وەک چۆن مۆدێرنیتە ماوەیەکی زۆر بابەتی کۆمەڵناسی بووە. هۆکارەکانی شۆڕشی فرانسی و شۆڕشی پیشەسازی تاقیگەیەکی کۆمەڵاتییان لە خۆیان گرت بۆ لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون لە بابەتەکانی مۆدێرنیتە جۆراوجۆرەکاندا، کە ڕوخساری کۆمەڵگەی ئەوروپاییان بەرەو پۆزیتیڤیزم (الوضعية)، زانست، ڕاشناڵەتی (العقلانية)، باوەڕهێنانی بەهێز بە پێویستیی پێشکەوتن، جەختکردنەوە لە بەرهەمهێنان و قازانج، دەوڵەتی نەتەوایەتی... هتد گۆڕی. ئەمانە وایان کرد کۆمەڵناسی وا دەربکەوێت، کە زانستێکی پۆزیشنەڵە (علم وضعي) لەو یاسایانەی ڕەوتی کۆمەڵگە هەڵدەسوورێنن و بە شێوەی بابەتییانە لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەکۆڵێتەوە، کە خاوەنی دەروازەیەکی ڕاشناڵەتییە و باوەڕی بە کردەی ئامێری/ بەرهەمهێنی (الاداتي/ الانتاجي) هەیە. بیرۆکەی پێشکەوتن و بەشاریکردن (التحضر) دەچەسپێنێت و بۆ تێگەیشتن و چارەسەرکردنی کێشە مۆدێرنەکان، بە ئاڕاستەی خزمەتکردنی سیاسەت و پشتیوانیی دەوڵەتی نەتەوایەتی(ماڵپەری مقال، کلاود ،(٢٠١٦)، علم اجتماع ما بعد الحداثة ).

لەگەڵ دەرکەوتنی ئەو گۆڕانکارییانەدا کۆمەڵناسی چووە ئاستێکی تر، بەوەی دەبووایە بە ڕوانینێکی نوێ ئەو دەرکەوتانە لێک بداتەوە. بە مانایەکی تر دەبووایە هەم لە ڕووی مێژوویی و هەم لە ڕووی جیۆگرافیاوە لە مۆدێرنیتە بکۆڵێتەوە، بۆیە وەک (بامبرا) دەڵێت بووە هۆی ئەوەی زانستی بەراوردکاریی کۆمەڵگەکان بێتە کایەوە.(بامبرا، ٢٠١٦، ل٦٢).

کەواتە وەک (فیلیب کابان) پێی وایە کۆمەڵناسی وەک ڕۆڵەی مۆدێرنیتە لە دایک بووە. بەپێی شێوازی ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی، سیاسی و کەلتوورییانە گەشەی کردووە. لە ڕێگەی بابەتەکەیەوە لە هەر زانستێکی دیکە زیاتر سەردەمەکەی تێیدا ڕەنگی داوەتەوە.(کابان- دورتیە، ٢٠١٠، ل٥).

بەم شێوەیە کۆمەڵناسی پێوەندییەکی دوولایەنیانەی بە مۆدێرنیتەوە هەیە. لە لایەک بەرهەمی مۆدێرنیتەیە و ڕەنگدانەوەیەتی، لە لایەکی ترەوە هەوڵێکە بۆ وەسفی کۆمەڵگەی نوێ و ڕاڤەکردنی. (کابان- دورتیە، ٢٠١٠، ل ١٢٢) ئەمە دەمانگەیەنێتە ئەوەی بڵێین کۆمەڵناسی لەم شوێنەوە بە مۆدێرنیتە دەگاتەوە، کە باوەڕی بە هێزی عەقڵی مرۆڤایەتی هەیە لە داهێنانی مەعریفەدا، بەوەی دەکرێت لەپێناو بەدیهێنانی پێشکەوتندا بخرێتە گەر، کە بابەتەکەی دروستکردنی جیهانێکە لە ڕێگەی مۆدێرنیتەوە.(چونز، ٢٠١٠، ل ٦٦).

بۆ زیاتر تێگەیشتن لە مۆدێرنیتە و لەو پێوەندییەی بە کۆمەڵناسییەوە هەیەتی، ئەمڕۆ ئەوە لەسەر کۆمەڵناسان پێویست بووە، کە بە دوای وەڵامی ئەم پرسیارانەدا بگەڕێن:

**یەکەم: چۆن دەکرێت بە شێوەیەکی چاکتر لە خەسڵەتەکانی مۆدێرنیتە بکۆڵرێتەوە؟**

**دووەم: ڕیشەی مۆدێرنیتە لە کوێیە؟**

سێیەم: ئەو گۆڕانکارییە سەرەکییانە چین، کە ئێستا کار لە ڕەوتی پەرەسەندنی مێژووی مرۆڤ دەکەن.(مجموعة من اساتذة الجامعات المصرية، ٢٠٠٣ ، ل١١٨).کۆمەڵناسی بریتانی، (ئەنتۆنی گیدینز) دەڵێت پێویستە لەسەرمان لە کۆمەڵناسی و ئەو بابەتە هاوچەرخانەی بگەین، کە لە چوارچێوەی ئەو گۆڕانکارییانەی لە دروستکردنی دنیای هاوچەرخدا بەشدارن؛ بایەخیان پێ دەدات. ئێمە ئەمڕۆ لە سەردەمێک لە سەردەمە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکاندا دەژین، کە چوارچێوەی فراوانیان هەن. ئەگەرچی ئەو گۆڕانکارییانە لە بنەڕەتدا لە ئەوروپای خۆرئاوادا دەرکەوتن، بەڵام ئەمڕۆ لە مەودا و کاریگەرییاندا بوونەتە جیهانی. هەموو ئەوانە بوونە هۆی تێکشکان و هەڵوەشاندنەوەی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان، کە هەزارەها ساڵ مرۆڤایەتی لە مێژووی ڕابردووی و لە سایەیاندا ژیانی بە سەر دەبرد. ئەو هەڵوەشاندنەوەیە گشتگیر و کامڵ بوو.(جیدنیز، ٢٠٠٦، ل٢٠-٢١).

ڕاستییەکەیشی کۆمەڵناسان ئەو پێوەندییەی کۆمەڵناسی و مۆدێرنیتە لە چەند ڕوویەکەوە پێشان دەدەن، کە مۆدێرنیتە باوەڕی سەرەکیی بە زانست و پێشکەوتنی زانست هەیە، لە کاتێکدا کۆمەڵناسی وا خۆی پێناسە کردووە زانستە وەک لای (کۆنت)، (دۆرکایم) و (مارکس)دا دەیبینین. پایەکی دیکەی مۆدێرنیتە عەقڵە، کە کۆمەڵناسییش خاوەنی ڕێگەی عەقڵانییە لە ڕاڤەکردنی دنیاکەی خۆیدا. مۆدێرنیتە باوەڕی بە پێشکەوتنە، وەک لە کۆمەڵناسییشدا دەبینین بەردەوام پێ لەسەر ئەو خاڵە داگیراوە و لە بەرهەمە سۆسیۆلۆجییەکاندا ڕەنگی داوەتەوە. مۆدێرنێتە وا لە زاناکان دەڕوانێت، کە لە جیهانی سروشتیدا پسپۆڕن، لە بەرانبەردا هەندێک لە کۆمەڵناسە پۆزیتیڤیستەکان (علماء الاجتماع الوضعيين) هەوڵ دەدەن یاساکانی مێژوو و کۆمەڵگە بدۆزنەوە. مۆدێرنیتە وا لە مرۆڤ دەڕوانێت، کە توانای هەیە تا ڕادەیەکی زۆر دەست بەسەر سروشت و ژینگەدا بگرێت، کۆمەڵناسەکانیش باوەڕیان وایە دەتوانن زانینی خۆیان لە کۆمەڵگەدا بخەنە کار و بە ئاڕاستەی پلان و سیاسەتیدا ببەن. مۆدێرنیتە وا لە کار و زانست دەڕوانێت، کە دەتوانن بارودۆخی مرۆڤ چاکتر بکەن، لە کاتێکدا کۆمەڵناسانیش باوەڕیان بەوە هەیە لە کێشەکانی کۆمەڵگە بگەن و چارەسەریان بۆ بدۆزنەوە. ئەمانە و زۆر خاڵی تری هاوبەش لەنێوان ئەو دووانەدا بە دی دەکرێن.(الجوهري، ٢٠٠٢، ل١٢٣).

ئەو پێوەندییەی نێوان کۆمەڵناسی و مۆدێرنیتە، کە پێوەندییەکی تەواوکارییە، وای کردووە هەر گۆڕانکارییەک لە ئاستەکانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی، کەلتووری و هتدا بێتە کایەوە، لە هەردووکیاندا ڕەنگ بداتەوە. بەم شێوەیە کۆمەڵناسانی ئەمڕۆ ئەگەرچی پرۆژەکانیان لەسەر بیری کۆمەڵناسانی دوێنێ، بەتایبەتی هیی سەدەی نۆزدەم دامەزراندووە، بەڵام بەپێی شێواز و سروشتی گۆڕانکارییەکانیش گۆڕانکارییان لە کۆمەڵناسیدا کردووە، بە شێوەیەک توانای ئەوەی هەبێت چاکتر لەو دیاردە نوێیانە بگات و لێیان بکۆڵێتەوە. دیارە ئەمەیش شتێکی سروشتییە. مادام کۆمەڵگە بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە لە جووڵە و گۆڕانی بەردەوامدایە، ئەوا هەر سەردەمێک وا دەخوازێت لە ڕێگەی تێگەیشتنی نوێوە ڕووبەڕووی ببێتەوە.

(جان سپۆرک) باوەڕی وایە پێکهاتنی کۆمەڵگە ڕەوتێکی بەردەوامە و هەمیشە بە ناتەواوی دەمێنێتەوە، بۆیە ناکرێت وەڵامی ئەو پرسیارە کلاسیکییە بدرێتەوە، کە (چۆن وا بکەین قۆناغەکەمان دابڕاو بێت لەنێوان کۆمەڵگەی ئەمڕۆ و ئەو کۆمەڵگەیەی وا لە دەرکەوتندایە).(سبورك، ٢٠٠٩، ل١٢)واتە هەر قۆناغێک زمان و تێگەیشتنی نوێ لە کۆمەڵناس داوا دەکات، بۆیە زمانی کۆمەڵناسی لە پێشکەوتنی بەردەوامدایە، بە جۆرێک زمانی (فۆکۆ)، (پیر بۆردیۆ) و (ئەنتۆنی گیدینز) لە زمانی (مارکس)، (ڤایبەر) و (دۆرکایم) جیاوازن، بەوەی ڕووبەڕووی دیاردەی نوێ بوونەتەوە و بەر ئەو کێشانە کەوتوون، کە لەسەردەمی کۆمەڵناسانی کلاسیکدا بە جۆرێکی تر بوون، یان هەر نەبوون. لەم ڕووەوە (کریس شیلینگ: Chiris Shilling) پێی وایە لە کۆمەڵناسیی تەقلیدیدا جەستە بایەخی پێ نەدراوە، بۆ نموونە لای کۆمەڵناسە کلاسیکییەکانی وەک (کارل مارکس)، (ماکس ڤیبەر)، (ئیمیل دۆرکایم) و ئەوانەی تردا بە دەگمەن ئاوڕ لە جەستە دراوەتەوە. بەڵام دواتر بایەخی زانراوە، بەتایبەتی لە کارەکانی (پیر بۆردیۆ)دا، کە جەخت لەسەر جەستە

دەكاتەوە وەک (سەرمایەی کەلتووری) لە منداڵدا، كە لە ڕێگەی خوێندنەوە بە دەستی دەهێنن.(شلنج، ٢٠٠٩، ل٤٧) بە هامان شێوە بەرهەمەکانی (مێشێل فۆکۆ) ڕۆڵی گەورەیان لە پەرەسەندنی کۆمەڵناسیی جەستەدا بینیوە، کە وایان کردووە بایەخی جەستە بۆ ناو بازنەی هۆشیاریی زانستە مرۆڤایەتی و فەلسەفییەکان بگەڕێتەوە، دوای ئەوەی فەلسەفەی (دێکارت) هەر لە سەدەی حەڤدەمەوە خستبوویە دەرەوەی ئەو بازنەیەوە. وەک (بی تێرنەر: B. Turner) پێی لەسەر دادەگرێت (فۆکۆ) بە دامەزرێنەری سۆسیۆلۆجیای جەستە دادەنرێت.(ماڵپەری الحوار المتمدن ، (٢٠١١)، میشیل فوكو وتأسیس سوسیولوجیا الجسد).

ئەگەرچی مۆدێرنیتە لە سەدەی نۆزدەمەوە تاكو ئەمڕۆ بەردەوام باسی گرنگی كۆمەڵناسی و فەلسەفە بووە، بەڵام هێشتا لە ڕووی تیۆرییەوە جیاوازیی بۆچوون هەیە لەوەی چ كۆمەڵگەیەک تەقلیدییە و چ كۆمەڵگەیەک چووەتە ناو مۆدێرنیتەوە. هەندێک لەو كۆمەڵناسانە هەوڵیان داوە چەند خەسڵەتێک بۆ ناسینەوەی كۆمەڵگەی مۆدێرنیتە دەستنیشان بكەن، تاكو لەوێوە بزانن ئەو خەسڵەتانە لە چ كۆمەڵگەیەكدا هەن و لە چ كۆمەڵگەیەكیشدا كەمن، یان هەر نین. لەم ڕووەوە (ستیوارت هۆل) لە شەش خاڵدا جیاوازیی نێوان كۆمەڵگەی تەقلیدی و كۆمەڵگەی مۆدێرنیتەی دەرخستووە:

**یەكەم: سیاسەت: دەستەڵاتێكی عەلمانی بەرقەرارە و دەستەڵاتی كەنیسە، واتە دەستەڵاتی ئایین لە كاروباری دەوڵەتدا لاوەكییە.**

دووەم: ئابووری: گۆڕینی ئابووریی دەرەبەگایەتی و ئابووریی تری پێش سەرمایەداری بۆ ئابوورییەک، كە تێیدا سیستێمی مۆنیتەری (النظام النقدي)ی پێشكەوتوو ڕۆڵی ناوبژیوان (الوسیط) لە ئاڵوگۆڕی بازرگانیدا دەبینێت، كە لەسەر بەرهەمی زۆر و بەكارهێنانی شمەک (استهلاك السلع) لە جیاتیی بازاڕ، دامەزراوە. بڵاوبوونەوەی مولكایەتیی تایبەت، كەڵەكەبوونی سەرمایەداری لەسەر بنەمایەكی ڕێكخراوی ماوەدرێژ. (وەسفێكە كارەكانی كارل ماركسی بە ڕادەیەكی زۆر تێدا ڕەنگ دەداتەوە).

**سێیەم:** كۆمەڵایەتی: پووكانەوەی سیستێمی كۆمەڵایەتیی تەقلیدی (بۆ نموونە دەرەبەگایەتی) و دەركەوتنی چینی نوێ، دەركەوتنی پێوەندییە گۆڕاوەكان لەنێوان ژن و پیاودا (بەڵام هێشتا لەسەر سیستەمی دەستەڵاتی باوک دامەزراوە).

**چوارەم:** ئایینی: لاوازبوونی ئایین و دەركەوتنی كەلتووری ماتریالیی عەلمانی.

**پێنجەم:** هزری: دەركەوتنی ڕێگەی عەقڵانیی زانستی لە پۆلێنكردنی دنیا و ڕوانین بۆی. لێرەدا پێوەندییەكی بەتین لەنێوان خەسڵەتە ئایینییەكان (چوارەم) و فكر (پێنجەم). (ئەمە ڕەنگدانەوەی كارەكانی ماكس ڤیبەرە).

شەشەم: كەلتووری: دەركەوتنی كۆمەڵگەی لۆكاڵیی نوێ (مجتمعات محلیة جدیدة)، هەندێكیان ڕەگەزی (عرقي) و هەندێكیان نەتەوەیین، كە تێپەڕینە لە كۆمەڵگەی باوی مەسیحی.(الجوهري، ٢٠٠٢، ل١١٨-١١٩).وەک پێشتر ئاماژەی پێ كرا ناكرێت باسی مۆدێرنیتە بكەین، ئەگەر هاوكات ئاوڕ لە چەمكی پۆستمۆدێرنیتەیش نەدەینەوە، كە ئەمە لە بواری كۆمەڵناسییشدا ڕەنگی داوەتەوە. بەشێكی زۆری كۆمەڵناسان پێیان وایە ئەو سی ساڵەی كۆتاییی سەدەی بیستەم بەوە دەناسرێنەوە، كە گۆڕانكاریی زۆر خێرا و ڕیشەییان بە خۆیانەوە دیوە. ئەو گۆڕانكارییانەیش وەک گۆڕانێک لە مۆدێرنیتەوە بۆ پۆستمۆدێرنیتە، یان مۆدێرنیتەی درەنگ، كە چەمكێكە (گیدینز) بە باشتری دەزانێت، ئاماژە پێ دەكرێت. ڕاستییەكەیشی پرۆسێسی گلۆبالیزم (عەولمە)، بە تایبەتی گلۆبالیزمی زانیاری و گەیاندن (المعلومات و الاتصالات) ئەو گۆڕانكارییەی لەم سەردەمەدا ڕادیكال و گشتگیر كردووە.(الجوهري، ٢٠٠٢، ل١٢٤-١٢٥)كۆمەڵناسیی نوێ، (كۆمەڵناسیی پۆستمۆدێرنیتە) بە كێشە تازەكانی كۆمەڵگە پۆستمۆدێرنیتەیەكان ( postmodernity societies)ەوە پێوەستە. دەوڵەتی نەتەوایەتی لێرەدا ئەو دەنگدانەوەیەی نییە، بەڵكو دنیای بەگەردوونكراو (العالم المعولم)، (گوندێكی گەردوونی)، یاخود ماڵێكی بچووک هەیە، تێیدا دانیشتووانی جیهان بە جیاوازیی ڕەگەز، نەتەوە، جۆر، شوناسیان بەر یەک دەكەون.(ماڵپەری مقال كلاود ،(٢٠١٦) علم اجتماع ما بعد الحداثة) بەم شێوەیە یەكێ لە خەسڵەتەكانی سەردەمی پۆستمۆدێرنیتە جیاوازییە، كە ئەمە لای كۆمەڵناسدا بایەخی گەورەی هەیە. (دۆركایم) لە زووەوە بایەخی جیاوازیی زانیوە، بۆیە پێی وایە ئەگەر هەموو خەڵک وەک یەک بیریان كردەوە، بە هەمان شێوە هەستیان كرد، پێوەر و بەرژەوەندیی تێكڕایان یەک بوو، هەمان دابونەریتیان پێڕۆیی كرد، بۆچوونەكانیان لە یەک چوون، ناڕەزاییان دەرنەبڕی و جیاوازیی خۆیان دەرنەخست، ئەوا شارستانەتی مرۆڤ تۆزقاڵێک گەشە ناكات و كەلتوور بەرەو پێشەوە ناچێت، بەڵكو بە چەسپاوی و لە قۆناغی سەرەتاییدا دەمێنێتەوە.(ماكیڤر وشارلز هـ پیج، ٢٠٠٠، ل١٠٩).

هەر لە چوارچێوەی جیاوازی و فرەڕەنگیدا خەسڵەتێکی تری پۆستمۆدێرنیتە بایەخدانە بەو کەلتوورانەی پێشتر لە سەردەمی مۆدێرنیتەدا بە بیانووی جۆراوجۆر بە لاوە دەنران. واتە دابەشکردنی کەلتوورەکان بەسەر دەوڵەمەند و هەژار، بەهێز و لاواز، چالاک و سست و هتددا. وەک (جاک لۆمبار) لە کتێبی (دەروازەیەک بۆ ئیتنۆلۆجی)دا دەڵێت هەر شارستانەتییەک بە ڕێگەی خۆی بەشداری لە دەوڵەمەندکردنی شارستانەتی جیهانیدا دەکات و شتێک نییە بە ناوی (گەلە مشەخۆرەکان).(لومبار، ١٩٩٧، ل٢٨٢).

ڕەخنەگران بەردەوام مەیلی بەکاربردن (الاستهلاک) بە مۆدێرنیتەوە دەبەستنەوە. لەم ڕووەوە (ئەدۆرنۆ) ڕەخنەی توند لە سروشتی ژیانی کۆمەڵایەتی و کەلتوورە دەستکردەکەی دەگرێت لە ژێرسایەی کۆمەڵگەی پیشەسازیی پێشکەوتوودا، بەوەی لە کۆمەڵگەیەکی بەکاربەری (المجتمع الاستهلاكي)ی وادا، بە هۆی دەستەڵاتگیری و سەرکوتکردنەوە کەلتووری ڕاستەقینە بۆ کەلتوورێکی جەماوەری بەکاربەری دەگۆڕێت، کە لە ڕێگەی دەستگرتن بەسەر هۆیەکانی ڕاگەیاندنەوە جێبەجێ دەکرێ، ئەوەک لە ڕێگەی دامودەستگەی سەربازییەوە. واتە لە ڕێگەی پڕوپاگەندە، ڕێکلام، کەلتوور و هونەرەوە.(ماڵپەری الجدید ،(٢٠١٨)، نقد الحداثة وما بعدها).

سیمایەکی تری مۆدێرنیتە: بەشتبوون (التشیؤCommodification)ە، واتە گۆڕینی بەرهەمە کەلتوورییەکان بۆ شت، یان بۆ کەلوپەل، کە دەکرێت بە ئاسانی بفرۆشرێن و بکڕێن. هەروەها بەشتبوونی فراوان (التشیؤ الواسع: **Hypercommodification**)، کە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دەبنە خاوەنی خەسڵەتی کەلوپەلگەرایی و ملکەچی کڕین و فرۆشتن دەکرێن.(هارلمبس وهولبورن، ٢٠١٠، ل٨٣) ڕەخنەگران هەر لە سەرەتاوە ڕەخنەی توندیان لەم ڕوخسارەی مۆدێرنیتە گرتووە.

ڕەخنەگران وای دەبینن مەیلی عەقڵانیەتی مۆدێرنیتە بە شێوەیەک ڕۆ چووەتە ناو ناخی مرۆڤ، بە ڕادەیەک شوێنێکی بۆ هەست و سۆز نەهێشتووەتەوە. بە مانایەکی تر خودی لە تاک سەندووە و بۆ بابەتی گۆڕیوە. دامودەستگەکانی پەروەردەی کۆمەڵایەتی (التنشئة الاجتماعیة)، بە تایبەتی دامودەستگەی خوێندن ڕۆڵیان ئەوە بووە وا لە تاک بگەیەنن، کە هەموو ئەو شتانەی پێوەندییان بە ڕۆحی مرۆڤەوە هەیە، دژی بیرکردنەوەی عەقڵانیەتن. لە بەرانبەر ئەو مەیلەدا، کۆمەڵێک ئاڕاستەی فکری و کۆمەڵایەتی دەرکەوتوون، کە دەیانەوێت بەها بۆ ئەو خودەی تاک بگەڕێننەوە. ئەو ئاڕاستەیە لە کۆتایی قۆناغی مۆدێرنیتە و سەرەتای قۆناغی پۆستمۆدێرنیتەدا زیاتر زەق بووەتەوە. لەو ڕایەڵەدا خێزان دەستی بەوە کردووە ڕۆڵی خۆی لەوەدا ببینێت چۆن لایەنی ڕۆحی و خودی لە ڕۆڵەکانیدا بایەخ پێ بدات. بەم شێوەیە هاوژینی (الزواج) تەنیا پەیمانێکی کۆمەڵایەتیی توندوتیژ نییە لەسەر بنەمای ماف و ئەرک دامەزرابێت وەک یاسا دەیەوێت، بەڵکو لەناو ئەو بازنەیەدا لایەنی مرۆیی شوێنی گەورەی هەیە. بەم شێوەیە ژن و مێرد جودا دەبنەوە، کاتێ هەست ناکەن لەو پێوەندییەدا ئاسوودەن و هەست و سۆزی مرۆڤایەتیی تێدا نابینن. ئەو گۆڕانکارییە نوێیانە لە بواری خێزاندا وایان کردووە چاو بە چەمکی خێزاندا بخشێنرێتەوە و پێناسەی نوێی بۆ بکرێت. لە خۆرئاوادا گەیشتووەتە ئەوەی خێزان لەژێر دەستەڵاتی کەنیسە و پیاوانی ئایین و ئایدیۆلۆجیا کۆنەکان دەربچێت و سەربەخۆیی بە دەست بهێنێت. دیارە دەرکەوتنی مەیلی خودگەرایی مانای ڕەتکردنەوەی تێڕوانینی عەقڵانیەت نییە، بەڵکو پارێزگارییە لەو ڕووبەرەی تاک هەیەتی، کە جیاوازە لە هیی تاکێکی تر. ئەم تایبەتمەندێتییەی خودگەراییی تاک لە ڕایەڵی کۆمەلایەتیدا دەرکەوتووە، کە دەبینین بایەخدان بە لایەنی خود و کەسایەتیی تاک لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا گەشەی کردووە. دەکرێت بگوترێت پۆستمۆدێرنیتە لەسەر بەدیهێنانی تەواوکاریی نیوان تاک و ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکەیدا کار دەکات.(ماڵپەری منبر، محمد عابد الجابری ،(٢٠٠١)، الحداثة وما بعد الحداثة).

ئەوانەی باوەڕیان بە ڕێژەییی چەمکەکان هەیە (Relativist)، وای دادەنێن هیچ شتێک بە ناوی حەقیقەتی بابەتی نییە، بەڵام ڕێگەی پێشبڕێکەرانە هەیە بۆ ڕوانین لە شتەکان و زانینی ئەو شتانە. لەم ڕووەوە (پاسکال) پێی وایە ئەوەی لە ڕوویەکەوە حەقیقەتە، ئەوا لە ڕوویەکی ترەوە درۆیە. کەواتە حەقیقەت بە چاوپۆشین لەوەی هەندێک دەستەی باوەڕدار بە حەقیقەتی دەزانن، بەڵام بوونی نییە. بێگومان لە مۆدێرنیتەدا زەحمەتە ئەوە بە دەست بێت، بەوەی زانست و زانینی زانستی (المعرفە العلمیة) بە شتی چەسپاو دەزانرێن. ئەوانەی بایەخ بە کەلتووری ڕێژەیی دەدەن، باوەڕیان وایە هەتا زانست و زانینی زانستییش ناکرێت شتی بەهادار بن. بۆ نموونە (فۆکۆ) وای دەبینێت، کە دەشێ شتێک لە کات و شوێنێکدا حەقیقەت بێت، بەڵام لە کات و شوێنێکی تردا بە حەقیقەت نەزانرێت.( چونز، ٢٠١٠، ل١٨٨ ).

ئەم بۆچوونانە وایان کرد لە ڕووی تیۆرییەوە پێداچوونەوە بە سەرجەم ئەو بەهایانەدا بکرێت، کە مۆدێرنتی لە سەردەمی ڕێنیسانسەوە بانگەشەی بۆ کردوون. لەمەوە نەدەکرا کۆمەڵناسانی دنیای نوێ بە هەمان تێڕوانینی کۆمەڵناسە کلاسیکییەکان لە چەمکە کۆمەڵایەتییەکانی وەک چین، توێژ، گروپ، کۆمەڵگە، گۆڕانکاری و زۆری تر بڕوانن، بگرە دەبووایە جارێکی تر پێناسەی تریان بۆ بکەنەوە، کە جیاواز بن لەو پێناسانەی پێشوو، بە ڕادەیەک لەگەڵ پرینسپی ڕێژەییدا بگونجێن و دوور بن لە ڕەهایی.

ئەمڕۆ کۆمەڵناسیی سەردەمی پۆستمۆدێرنیزم بەر مرۆڤێک دەکەوێت، کە زۆر لەوەی سەردەمەکانی پێشوو جیاوازە، بۆیە ناکرێت بە هەمان تێگەیشتن و خوێندنەوەکانی دوێنێ مامەڵە لەگەڵ ئەو مرۆڤەدا بکات. ئەو مرۆڤە ڕووبەڕووی کۆمەڵێک کێشەی گەورە

دەبێتەوە. گلۆبالیزم كارێكی كردووە ئەو مرۆڤە هەم تەنیا بێت و هەم لە قەرەباڵغییەكی بێوێنەدا بژی. تەكنیكەكانی ڕاگەیاندنی نوێ، كە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە هەڵدەسووڕێن، ئەگەر لە هەندێك ڕووەوە ئاسانكارییان بۆ مرۆڤ كردووە، ئەوا لە زۆر لای ترەوە نائارامی و پەشێوییان هێناوەتە ناو ژیانیەوە. ئەوانە هەم مرۆڤیان خستووەتە كونجی ژوورەوە و هەم وایان لێ كردووە هەمیشە وا هەست بكات لە ماركێتە، بگرە خودی مرۆڤ بۆ ماركێت گۆڕاوە و وەك ماركێت مامەڵەی لەگەڵ دەكرێت، تاكو فرۆشیارەكان بەردەوام كەلوپەلەكانی بەسەردا ساغ بكەنەوە. ئەو مرۆڤە گۆشەگیرە وەك پارادۆكسێك ئاگای لە هەواڵی شوێنە دوورەكانی دنیا هەیە، بۆیە شپرزەیی و نائومێدی سیمای سەرەكیی ئەو مرۆڤەن. (باومان) دەنووسێت: (ئەگەر كۆمەڵناسیی باو لە ژێرسایەی مۆدێرنیتەی ڕەقدا لە دایك بوو و گەشەی كرد، بە بارودۆخی ملكەچی و پێبەندێتی لای مرۆڤدا سەرقاڵ بوو، ئەوا بایەخی سەرەكیی كۆمەڵناسی بەپێ مۆدێرنیتەیی شل دەبێت خۆی لە پتەوكردنی سەربەخۆیی و ئازادیدا ببینێتەوە).(باومان، ٢٠٠٦، ل٢٩٢).

4. ئەنجامی توێژینەوەكە و پێشنیاز

1.4 ئەنجامی توێژینەوەكە.

دەكرێت ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەدا كورت بكەینەوە:

یەكەم: مۆدێرنیتە چەمكێكی گشتیی فكرییە، كە هەر زانستێكی كۆمەڵایەتی دەتوانێت لە دیدی خۆیەوە لێی بكۆڵێتەوە و وردەكارییەكانی لێك بداتەوە. هێندەی پێوەندیی بە كۆمەڵناسییەوە هەبێت، ئەوە كۆمەڵناسان لانی كەم لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەمەوە بایەخی گەورەیان پێ داوە و كۆمەڵێك سەرچاوەی گرنگیان لەو بارەیەوە خستووەتە بەردەستمان. ئەو هەوڵانە بەردەوامن و شانبەشانی گەشەكردنی كۆمەڵگە و گۆڕانكارییە كۆمەڵایەتییەكان ڕێ دەكەن، بۆیە كۆمەڵناسی توانیویەتی ئەو پێوەندییە بەتینەی خۆی لەگەڵ مۆدێرنیتەدا بپارێزێت.

دووەم: مۆدێرنیتە بەرهەمی عەقلانیەتە، كە ئەو عەقلانیەتە نەك هەر بووەتە هۆی گەشەكردنی زانست، بەڵكو بەشدارییەكی گەورەیشی لەوەدا كردووە زانست لە هەر ڕوانینێكی ئایدیۆلۆجی دوور بێت. ئەمەیش بووەتە هۆی دەركەوتنی كۆمەڵگەی نوێ، كە سیما و خەسڵەتەكانی لە هیی كۆمەڵگەی تەقلیدی جیاواز بن. هەر ئەو زەمینەیە ڕێخۆشكەر بووە بۆ پێشكەوتنی زانستی مرۆیی و زانستی سروشتی، بۆیە لانی كەم لە سەدەی بیستەمەوە قۆناغێكی نوێ لە ژیانی مرۆڤدا دەست پێ دەكات، كە هەتا دێت خێراتر دەبێت و كاریگەرییەكانی زیاتر دەردەكەون.

سێیەم: ناكرێت باس لە چەمكی مۆدێرنیتە بكەین، ئەگەر چەمكی پۆستمۆدێرنیتە بە لاوە بنێین، بۆیە هەر توێژینەوەیەك ئەوە بەسەر ڕاڤەكاردا دەسەپێنێت هەمان بایەخ بەویش بدات. ئەو پێوەندییە لە بواری كۆمەڵناسییشدا ڕەنگی داوەتەوە و ڕاڤەكاران لێیان كۆڵیوەتەوە.

چوارەم: پێوەندیی مۆدێرنیتە و پۆستمۆدێرنیتە ئاڵۆزە، كە ئەمە وای كردووە ڕاڤەكار لە كاتی ڕاڤەكردنیاندا هەم وردبین بێت و هەم بۆ ئەو هەوڵە گرنگانە بگەڕێتەوە، كە نووسەر و بیرمەندان لەم ڕووەوە داویانە.

پێنجەم: مۆدێرنیتە ڕێگەی بۆ دەركەوتنی بیروبۆچوونی جیاواز خۆش كردووە، بۆیە لە سەدەی بیستەمدا فرەڕەنگی و فرەدەنگی لەناو هەموو بوارەكانی مەعریفەدا دەردەكەون. بەم شێوەیە تاكەلۆجیك، تاكەهۆكار و تاكەئەنجام هێزی خۆیان لە دەست دەدەن و لە شوێنیاندا فرەلۆجیكی، گەڕان بە دوای هۆكاری جۆراوجۆر و بەدەستەوەدانی ئەنجامی جیاوازجیاواز دێنە كایەوە.

شەشەم: كۆمەڵناسی لە سەردەمی مۆدێرنیتەدا گەشەیەكی بەرچاوی كردووە، بە ڕادەیەك دابڕانێكی گەورەی لەگەڵ ڕابردووی خۆیدا هێناوەتە كایەوە. ڕووداوەكانی جیهان لەوانە شۆڕشی فرانسی و شۆڕشی پیشەسازی گۆڕانكاریی گرنگیان بە دوای خۆیاندا هێناوە، كە لایەنی كۆمەڵایەتیی ئەو گۆڕانكارییانە ڕووبەڕووی كۆمەڵناسی بووەتەوە. لەو ڕووبەڕووبوونەوەیەدا زمان و مێتۆدی كۆمەڵناسان پێشكەوتنی بەرچاویان بە خۆوە بینیوە، ئەنجام ڕوانینی كۆمەڵناس بۆ تاك و كۆمەڵگە، بۆ بەها و گۆڕانكارییە كۆمەڵایەتییەكان، گۆڕانی بەسەردا هاتووە، چونكە كۆمەڵێك چەمكی نوێ هاتوونەتە كایەوە، كە پێشتر نەبوون، یان هەبوون، بەڵام ئەو بایەخەیان پێ نەدەدرا، بۆ نموونە چەمكی جەستە، كە لە (نیتشە)وە خۆی دەسەپێنێت و دواتر لای (فۆكۆ)دا وەك بابەتێكی زۆر گرنگ دەردەكەوێتەوە. هەروەها چەمكی (توندوتیژیی سۆمبۆلی: العنف الرمزي)، كە (پیر بۆردیۆ) دایدەهێنێت و

گەشەی پێ دەدات. نزیكبوونەوەی كەلتوورەكان و بەریەككەوتنیان لە سەردەمی مۆدێرنیتەدا بە هۆی دەركەوتنی ئامێری نوێی گواستنەوە لە چەشنی فڕۆكە، كەشتی و شەمەندەفەر، وای كردووە كۆمەڵێك بەها و نۆرمی نوێ دەربكەون، بگرە كار لە یەك بكەن، بۆیە ئەمەیش لە بواری كۆمەڵناسیدا بە زەقی ڕەنگی داوەتەوە. پێشكەوتنی تەكنەلۆجیای ڕاگەیاندن لە چەشنی سۆشیال مێدیا هێندەی تر كەلتوورە جیاوازەكانی بە یەكتر ناساندووە و ئەركی كۆمەڵناسانی گەورەتر كردووە، تاكو لە ئاكامەكانی بكۆڵنەوە.

حەوتەم: ئیشكالەتەكانی مۆدێرنیتە بوونەتە ئیشكالیەتی كۆمەڵناسییش و كۆمەڵناسان بە شێوازی خۆیان ڕووبەڕووی بوونەتەوە. ئەو ئیشكالیەتانە ئەركی كۆمەڵناسیان قورستر كردووە، بەڵام هاوكات پاڵیان پێوە ناوە نوێكاری لە زمان و مێتۆدی خۆیدا بكات و ئاڕاستەی تر لەناو ئەو زانستەدا بدۆزێتەوە.

هەشتەم: ئەمڕۆ كۆمەڵناسی لایەنی كۆمەڵایەتیی مرۆڤی نوێ دەردەخات، ئەو لایەنەی بوارەكانی تر بە ئەركی ڕاستەوخۆی خۆیانی نازانن، بۆیە كۆمەڵناسی بەشدارییەكی گەورەی لە تەواوكردنی ئەو وێنەیەی مرۆڤ و كۆمەڵگەی نوێدا كردووە، كە بوارەكانی تر، لە سەرووی هەموویانەوە فەلسەفە، هەوڵی كێشانیان داوە. ئەم توێژینەوەیە ویستوویەتی ئەو پێوەندییە بدۆزێتەوە. بۆ ئەو مەبەستە پشتی بە كۆمەڵێك سەرچاوە بەستووە، تاكو ڕوونتر كاریگەریی كۆمەڵناسی لەسەر مۆدێرنیتە و كاریگەریی مۆدێرنیتە لەسەر ژیانی كۆمەڵایەتیدا پێشان بدات.

نۆیەم: مۆدێرنیتە كۆمەڵێك كەموكووڕی و گرفتیشی هەن، كە فەیلەسوف و بیرمەندان ڕەخنەی توندیان لێ گرتووە. ئەوانە پێیان وایە مۆدێرنیتە سەر نەكەوتووە و تەواو شكستی هێناوە، بۆیە جاڕی مۆستمۆدێرنیتە دەدەن. لە (نیتشە)وە بۆ (فۆكۆ) و لەوێوە تاكو (دێریدا) و ئەوانەی تر پێیان وایە مۆدێرنیتە نەهامەتیی بۆ بیركردنەوەی مرۆڤ و كۆمەڵگە هێناوە. سێنترالیزمی عەقڵ وای كردووە تێگەیشتنی مرۆڤ سنووردار ببێت و هەموو ئەو ئاڕاستە فكرییانە بە لاوە بنرێن، ئەگەر لەگەڵ پێوەری عەقڵدا نەهاتنەوە. هەر بەم شێوەیە لە سەردەمی مۆدێرنیتەدا مرۆڤ زیاتر خراوەتە ژێر چاودێریی دامودەستگە داپلۆسێنەرەكانەوە. كۆمپانیا بازرگانییەكانیش پتر تواناییان پەیدا كردووە خودی مرۆڤ بۆ كاڵا بگۆڕن و دەستەمۆی بكەن، تاكو بە ئاسانی كەلوپەلی بەسەردا ساغ بكەنەوە، بگرە دەست بەسەر ئارەزووەكانیدا بگرن و خۆیان ئەو ئارەزووەی بەو شێوەیە ئاڕاستە بكەن، كە بەرژەوەندییان دەیخوازێت. ئەو بیرمەندانە شەڕ و كوشتارەكانیش دەخەنە ئەستۆی مۆدێرنیتەوە. ململانێی ئەو دوو ئاڕاستەیە هاتووەتە ناو بواری كۆمەڵناسییشەوە و زیاتر چاوی كۆمەڵناسانی كردووەتەوە، كە بە شێوەیەكی ڕەخنەگرانە لە گۆڕانكارییە كۆمەڵایەتییەكان بكۆڵنەوە.

**پێشنیاز:**

كۆمەڵگەی كوردی ئەمڕۆ لە سەردەمی گلۆبالیزمدا چووەتە ناو دنیای مۆدێرنیتەوە و بووەتە خاوەنی زۆر لەو سیمایانەی كۆمەڵگەی نوێیان پێ دەناسرێنەوە. لەم ڕووەوە هەر لێكۆڵینەوەیەكی زانستی بایەخی دەبێت.

**سەرچاوەكان**

**یەكەم: سەرچاوەی عەرەبی**


1. ادرنو، ت، ف، محاضرات في علم الاجتماع، ترجمه جورج كتوره، بيروت ، نركز الانماء القومي.
2. الحسن, إ, م .(١٩٩٩٠)موسوعة علم الإجتماع، بيروت، دار العربية للموسوعات.
3. الزيباري ،ط ،ح ،(٢٠١٥) النظرية السوسيولوجية المعاصرة، الاردن ،دار البيروني للنشر والتوزيع.
4. الجوهري،م.(٢٠٠٢)،قراءات معاصرة في نظرية علم الاجتماع، ترجمة: د. مصطفى خلف عبدالجواد، جامعة القاهرة ،مطبوعات مركز البحوث والدراسات الاجتماعية، كلية الاداب.
5. أفاية ،م ، (١٩٩٨)الحداثة والتواصل في الفلسفة النقدية المعاصرة، بيروت
6. المسيري ،ع،(٢٠٠٣)الحداثة وما بعد الحداثة، بيروت،دار الفكر المعاصر.
7. بامبراج،ك،(٢٠١٦) إعادة التفكير في الحداثة: نزعة ما بعد الاستعمار والخيال السوسيولوجي، ترجم: ابتسام سيد علام وحنان محمد حافظ، مراجعة: احمد زايد، القاهرة ،المركز القومي للترجمة .
8. بوتول ،ج ، تاريخ علم الاجتماع، ترجمة غنيم عبدون، مراجعة جلال حسن صادق،القاهره، المؤسسة المصرية العامة للأنباء والنشر والتوزيع والطباعة.
9. بامبرا ،ج ،ك. ،(٢٠١٦) إعادة التفكير في الحداثة: نزعة ما بعد الاستعمار والخيال السوسيولوجي، ترجم: ابتسام سيد علام وحنان محمد حافظ، مراجعة: احمد زايد، القاهرة ، المركز القومي للترجمة.
10. باومان ،ز ، (٢٠٠٦)الحداثة السائلة، ترجمة حجاج ابو جبر، تقديم هبة رءوف عزت و زيجمونت باومان، الشبكة العربية للابحاث والنشر، بيروت.
11. جونز ،ف،(٢٠١٠) النظريات الاجتماعية والممارسة البحثية، ترجمة: د. محمد ياسر الخواجة، القاهرة، مصر العربية للنشر والتوزيع،.

12. جولدنر،ا،(٢٠٠٤) الأزمة القادمه لعلم الاجتماع الغربي، ترجمة وتقديم على ليلة، القاهره ،المشروع القومى للترجمه، المجلس الاعلى للثقافة.،
13. جيدنيز أ،(٢٠٠٦) مقدمة نقدية فى علم الاجتماع، ترجمة احمد زايد واخرون ،الطبعه الثانية ، القاهره ، مركز البحوث والدراسات الاجتماعية، كلية الاداب.
14. جيدنز،أ،الرأسمالية والنظرية الاجتماعية الحديثة، تحليل كتابات ماركس ودوركهايم وماكس ڤيبر، ترجمة اديب يوسف شيش، الهيئة العامة السورية للكتاب، بلا سنة الطبع.
15. حمدي ,أ ، أ .(٢٠٠٩) يورجين هابرماس، الأخلاق والتواصل، بيروت، دار التنوير.
16. عوده، م ، أسس علم الاجتماع، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت، بلا سنة الطبع.
17. هولبورن ،ە، و، (٢٠١٠) سوسيولوجيا الثقافة والهوية، ترجمة: حاتم حميد محسن، دمشق،دار كيوان للطباعة والنشر والتوزيع.
18. هوركهايمر ،م- ادورنو ،ث ، ف. (٢٠٠٦)، جدليه التنوير، شذرات فلسفيه، ترجمه د. بطرس كتوره، دار كتاب الجديد المتحده.
19. لومبار ،ج،(١٩٩٧)مدخل الى الاثنولوجيا، ترجمة: حسن قبيسي، بيروت، المركز الثقافي العربي.
20. لالاند, أ .(٢٠٠١)(موسوعة لالاندا الفلسفية، ت: خليل أحمد خليل،ط2، ، بيروت_ باريس، منشورات عويدات.
21. ماكيڤر ،ر.م. پيج،ش، هــ،(٢٠٠٠) المجتمع، ترجمة: الدكتور علي احمد عيسى، مكتبة النهضة المصرية، مصر ،مؤسسة فرانكلين للطباعة والنشر.،
22. مسرحي ،ف ، (٢٠٠٧)الحداثة في فكر محمد أركون، الجزائر ،دار العربية للعلوم، منشورات الإختلاف.
23. مجموعة من اساتذة الجامعات المصرية،(٢٠٠٣) مجموعة من الدراسات والبحوث في علم الاجتماع، تحرير احمد زايد، القاهرة ،مركز البحوث والدراسات الاجتماعية.
24. كابان ،ف - دورتيه ،ج ،ف ، (٢٠١٠)علم الاجتماع من النظريات الكبرى الى الشؤون اليومية، اعلام وتواريخ وتيارات، ترجمة: الدكتور إياس حسن، سورية دمشق ، دار الفرقد.
25. سكوت ،ج ،(٢٠٠٩) علم الاجتماع: المفاهيم الاساسيه، ترجمه محمد عثمان، بيروت،الشبكه العربيه للأبحاث والنشر.
26. سبورك،ي،(٢٠٠٩)أى مسقبل لعلم الاجتماع؟ في سبيل البحث عن معنى وفهم العالم الاجتماعي، ترجمة: د. حسن منصور الحاج، بيروت ،مجد المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع.
27. شلنج ،ک ، (٢٠٠٩)الجسد والنظرية الاجتماعية، ترجمة منى البحر ونجيب الحصادي، دار العين للنشر.

**دووەم: سەرچاوەی ئینگلیزی:**

1-John Scott and Gordon Marshall, Oxford, Dictionary of Sociology

**سێیەم: سەرچاوە ی ئەلیکترۆنی:**

1. الحيدري،ا،(٢٠١٨)نقد الحداثة وما بعدها. رۆژی سەردان (٢٢/ ٢/٢٠١٩) سەرچاوەی ئینتەرنێت. لینک: https://aljadeedmagazine.com
2. العجايب ،ل ،(٢٠١٨)،گۆڤاری ئەلیکترۆنی:موضوع، **نشأة واتطور علم الاجتماع**. رۆژی سەردان (٢٠١٩/٢/٢) سەرچاوەی ئینەرنێت : https://mawdoo3.com
3. النبوانى ،خ ، خلدون النبوانى،(٢٠١٣)،گۆڤاری ئەلیکترۆنی الاوان،**الجيل الاول لمدرسه فرانكفورت من الماركسيه الى ما بعد الحداثه**. لە ئینتەرنێت وەرگیراوە،رۆژی سەردان (٢٠١٨/١١/٥) کە ئەمە لینکیەتی: https://www.alawan.org/2013/12/08
4. لطيف ل ،(٢٠١٦) گۆڤاری ئەلیکترۆنی مقال کلاود ، علم اجتماع ما بعد الحداثة. رۆژی سەردان (٢٠١٨/٢/١٤) سەرچاوەی ئینتەرنێت. لینک: https://www.makalcloud.com/post/wr7y19k8a
5. عبدا العظيم ،ح ،ا ،(٢٠١١) ماڵپەری الحوار المتمدن، ميشيل فوكو وتأسيس سوسيولوجيا الجسد. رۆژی سەردان (١٢/ ٢٠١٩/١) سەرچاوەی ئینتەرنێت : http://www.m.ahewar.org/s.asp?aid=257661&r=0
6. طبيشات ،ع ،،(٢٠١٧) گۆڤاری ئەلیکترۆنی موضوع،مراحل تطور علم الاجتماع. رۆژی سەردان(٢٠١٩/١/٥)، سەرچاوەی ئینتەرنێت: https://mawdoo3.com/مراحل_تطور_علم_الاجتماع
7. (گفتوگۆ لەگەڵ هابرماسدا. ئینەرنێت).
8. سبيلا ،م،(٢٠١٠)،گۆڤاری ئەلیکترۆنی معابر:دفاعا عن الحداثه والعقل، **هابرماس واهميته للفكر العربي**،رۆژی سەردان (٢٠١٨/١٢/١٠). http://www.maaber.org/issue_september10/spotlights1.htm
9. وطفة ،ع ،(٢٠٠١)،گۆڤاری ئەلیکترۆنی **منبر، محمد عابد الجابري**،مقاربات في مفهومي الحداثة وما بعد الحداثة. سەرچاوەی ئینتەرنێت. لینک:رۆژی سەردان(٢٠١٨/١١/٢٥) https://www.aljabriabed.net/n43_08watfa.htm

جوارەم: گۆڤار:

1. كايم ،ف ، الحداثة وما بعد الحداثة، ترجمة: أحمد محمد حسن، مجلة فن المعاصر، القاهرة ،العدد الثالث .

**علاقة الحداثـة بالتطورات علم الاجتماع**

**نادية عمر كاكةسور**
/كلية الأداب/قسم علم الأجتماع/جامعة صلاح الدين-اربيل

**ملخص**

الحداثة هي مفهوم عام وواسع وكذلك مفهوم معقد في الوقت نفسه، بحيث عدد لا بأس به من الكتاب والمحللين اخذوا على عاتقهم تفسير هذا المفهوم. ليست محاولات هؤلاء فقط من اجل تحديد تاريخ ظهور الحداثة، بل يسعون ايضا الى كشف البيئة التي ظهرت فيها هذا المفهوم. اي بمعنى اخر يلقون الضوء عليه من الناحية التاريخية والجغرافية على حد سواء، كي تظهر خصائصها وملامحها بشكل اوضح. لا شك ان الباحث عندما يواجه هذا المفهوم يجد نفسه امام كم هائل من الآراء المختلفة حوله. منذ منتصف القرن العشرين ظهر مفهوم اخر بجانب مفهوم الحداثة الا وهو ما بعد الحداثة، وهو بدوره جعل مهمة المحللين اكثر تعقيدا من قبل، بحيث اصبح صعبا على الباحث ان يهتم باللأول دون الثاني في نفس الوقت. اي فرض عليه ان يدرس كليهما معا. مع ظهور مفهوم ما بعد الحداثة اصبحت اهمية الحداثة اكبر بسبب وجود علاقة وطيدة بينهما من جهة وعدم وجود حدود واضح بينهما من جهة اخرى. وكذلك اقتحم كل منها الى حقول الفلسفة وعلم الاجتماع وعلم النفس والأدب والفنون والخ بشكل واضح. ولا نبالغ إذا قلنا ان الكتاب والباحثين اهتموا بهذين المفهومين خلال العقود الماضية اكثر من اي مفهوم اخر. فيما يتعلق بعلاقة علم الإجتماع بالحداثة يمكن القول ان الحداثة كانت دوما الشغل الشاغل بالنسبة للعلماء الإجتماع وكتا به. هناك علاقة ثنائية بين علم الإجتماع والحداثة. اي الحداثة ساندت علم الإجتماع كما دعم علم الإجتماع الحداثة. بشكل عام، للظواهر جوانب اجتماعية ، والتي يهتم بها علماء الاجتماع ويقومون بالتحقيق فيها من وجهة نظر اجتماعية ، مما يجعل عالم الاجتماع له مشاركة بارزة في عالم الحداثة. لا يمكن دراسة هذه المفاهيم، اي مفهوم الحداثة وما بعد الحداثة في مجال علم الاجتماع دون اشارة الى الاهتمام الواسع، الذي حظيت بها في مجال الفلسفة، لذلك وضعنا اطار فلسفي لهذا البحث كي نبين ابعاد هذين المفهومين في جانب الفلسفي والاجتماعي داخل هذا الإطار. يمكن القول بما ان ساهم علم الإجتماع مساهمة كبيرة في تشكيل النظر الفلسفي، بحيث كيف ننظر الى الحداثة وثم الى ما بعد الحداثة، اذن يتبين هذا بوضوح عندما ندرسها اجتماعيا. يحتوي هذا البحث على اربعة فصول. الفصل الأول يشمل أبعاد البحث ومفهوم الحداثة. يتناول الفصل الثاني ظهور وتطور الحداثة وعلم الاجتماع. اما الفصل الثالث يتطرق الى علاقة بين مفهوم الحداثة وعلم الاجتماع. الفصل الرا بع يشمل النتائج والاقتراحات.

مفتاح الكلمات: الحداثة, علم الأجتماع ,مابعد الحداثة

**The Relationship of modernity with developments in sociology**

**Nadia Omar Kakasur**
Collage of Art - Department of sociology / Salahaddin University -Erbil

**Abstract**

Modernism is a general and wide concept, as well as it is a complex concept at the same time, in a far extending writer and analysts are busy with it. The attempts of them are not only for identifying the history of modernism appearance, but for discovering outbreak environment of this concept, it means that they don't aim only to investigate in historical aspect, but in geography outbreak aspect. As well defining the launch time, in order to provide a more clear forms and features of it. It is not mysterious thing if an analysts working on it, he or she will come across to many different idea. In the middle of twenty century the concept of post modernism appeared beside modernism concept, which makes the assignment of the analysts more tricky, this in a manner the former concept cannot be argued without paying attention to the later in the same time, by appearance of post modernism concept, the significance of modern concept has been greater than before, because they have strong relation in one side, and there limitation is not quite clear on the other side, both of them have crucial involvement to all the fields of philosophy, sociology, psychology, literature, art and more. It is not exaggeration if stating that other concept is not influenced by (modernism and post modernism) in the same amount and became more controversial matter for the ideology world.

In the view of sociology, the modernism is always has a huge consideration for the sociologist, the interaction between these is dual. It means they assisted and took each other. In general the phenomena's have social aspects, which sociologists concern it and they investigate them in a sociological view this make a sociologist has prominent participation in the modern world. These concepts cannot be studied in sociology view without identifying the importance of them, which is provided by the philosophy field.

Therefore, there is a philosophy frame for this research, in order to discuss these two concepts including their dimensions within this frame in the view of philosophy and sociology. Moreover, it deserve to mention that sociology had essential taking part for making the philosophy insight for studying the modernism concept, then after the post modernism concept. This understanding can be obviously seen when these two concepts are studied in sociological view. This research includes for chapters. Firstly, dimensions of the research and the modernism concept are mentioned. Secondly, the chapter is for explaining the modernism evolving and sociology. Next, the interaction between the modernism concept and sociology is discussed. Then, the fourth chapter specified for the outcomes and suggestions.

**Keyword:** Modernism,Post modernism,sociology.